MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

## دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن

حەبیب کەرکوکی

# پێشەکییەک بۆ زانستی راگەیاندن

**Introduction to Science of communication**

رابەر رەشید

**هەولێر - ٢٠٠٨**


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **پێشەکییەک بۆ زانستی راگەیاندن**
- نووسینی: حەبیب کەرکوکی
- وەرگێڕانی: رابەر رەشید
- نەخشەسازی ناوەوە: طــه حسین
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- پیتچنین: هاوتا رابەر
- ژمارەی سپاردن: (١٦٣١)
- نرخ: (١٢٥٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٢٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٠٣)**



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆک


- دەسپێك ١
- **بەشی یەکەم:** راگەیاندن.... چەمکەکانی.... شێوەکانی... ٥
- پێناسەکانی راگەیاندن ٥
- توخمەکانی راگەیاندن ٧
- قۆناغەکانی پرۆسەی راگەیاندن ٩
- فاکتەرەکانی تێگەیشتنی وەرگر لە پەیامی نێرەر ١١
- ئاکارەکانی نێرەری سەرکەوتوو ١١
- ئاستەکانی راگەیاندن ١٢
- ئەرکەکانی راگەیاندن ١٤
- ئامانجەکانی راگەیاندن ١٦
- چەمکەکانی راگەیاندن ١٨
- جۆرەکانی راگەیاندن ١٨
- شێوەکانی راگەیاندن ١٩
- بەشداریکردن لە پرۆسەی راگەیاندندا ٢١
- کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی راگەیاندن ٢٣
- تایبەتمەندییەکانی پەیامی راگەیاندنی سەرکەوتوو ٢٤
- شێوەکانی پەیامی پرۆسەی راگەیاندن ٢٦
- شۆڕشەکانی راگەیاندن ٢٧
- شێوازەکانی راگەیاندن ٢٨
- نموونەکانی راگەیاندن ٣٠
- **بەشی دووەم:** راگەیاندنی جەماوەری ٣٣
- پێناسەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٣٣
- خەسڵەتە باشەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٣٤
- تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٣٥
- کەموکووڕییەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٣٦
- ئەرکەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٣٧
- پێداویستی و هەنگاوەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٣٩
- فاکتەرەکانی تێگەیشتنی وەرگر لە پەیامی راگەیاندن ٤١
- هۆکارەکانی مسۆگەرکردنی کاریگەرێـتیی پەیام ٤٢
- ناوەڕۆکی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٤٣
- ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٤٤
- قۆناغەکانی پەسەندکردنی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری لای خەڵکی ٥٨
- کۆسپەکانی بەردەم پیشاندان و بینینی راگەیاندنی جەماوەری ٥٨
- کاریگەرێتیی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٥٩
- جیاوازی نێوان رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن ٦٢
- نموونەکانی راگەیاندنی جەماوەری ٦٤
- سەرچاوە و ژێدەرەکان ٧١

# پێشکەشە..

بە:

ئەوانەی زمانە جوانەکەی خۆیان دەزانن لە ژیان....

زمانی خۆشەویستی و دڵسۆزی و راستگۆیی.....

وەفادارانی بیروباوەڕەکانیان بە بێ زێدەڕۆیی....

ئەوانەی کە جگە لە بەزەیی بە مرۆڤ، هیچ شتێکی تر نازانن....

بەری ئەم ماندووبوونە کەمەیان پێشکەش دەکەم

# دەسپێک:

ڕاگەیاندن بایەخێکی زۆری لە ژیانی گەلان و کۆمەڵگاکاندا هەیە، چونکە تێکڕای ئەو دابونەریت و زانست و زانیاریانەی کە بۆیان ماوەتەوە و بەدەستیانهێناوە، هەر هەمووی بەهۆی ڕاگەیاندنەوە بووە، ئەمەش لە ڕێگای ئەو ڕاگەیاندنە مرۆڤایەتی و کارلێکە کاریگەرەی نێوان کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانەوە هاتوونەتەدی، هەر بۆیە پسپۆڕەکانی بواری ڕاگەیاندن بایەخێکی زۆر بەو پرۆسەی ڕاگەیاندنە دەدەن کە هەر لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە وەکو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی سەریهەڵداوە و پەیدابووە، بەرلەوەی مرۆڤ زمانی قسەکردن و ئاخافتن دابهێنێت، تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

هەرگیز ناکرێ هەست بەبوونی کۆمەڵێك بکەین و لەهەمانکاتیشدا ئاماژە بەو پرۆسە ڕاگەیاندنەی نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە نەدەین، چونکە تێکڕای ڕاستییەکان و بیروبۆچوون و واتاکان و کارامەیی و ئەزموون و هەست و نەست و ئاراستە و بۆچوونەکان و ڕێگا و ڕێبازە جۆراوجۆرەکان و کردارە هەمەچەشنەکان، هەر هەموویان لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیترو لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی لە درێژەی پرۆسەی ڕاگەیاندنەوە گواستراونەتەوە.



ڕاگەیاندن، شێوەیەك لە شێوەکانی پەیوەندی نێوان خەڵکی و ئامرازێك لە ئامرازەکانی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت و پەیوەندییەکی پتەویان لەنێواندا مسۆگەر دەکات، ئەوەش لە میانی ئەو کەلتوورەی کە ئاوێتەیەکی تێکچڕژاوی نێوان بیر و باوەڕ و ئارەزوو و حەز و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایەن. بەشداریکردنیش لە ئەزموونەکان بە جۆرێك بێت کە ببێتە هۆی ئەوەی بیر و بۆچوون و واتاکان و ئەزموون و پسپۆڕییە هاوبەشەکان لە پرۆسەی ڕاگەیاندنی نێوان تێکڕای لایەنەکان فەراهەم بکرێت.

گەورەیی و بایەخی ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش دەگەڕێتەوە بۆ وەدەستهێنانی ئەو پێشکەوتنە زانستی و ڕۆشنبیرییەی کە مرۆڤایەتی بە درێژایی قۆناغەکانی ژیان بەدەستیهێناوە، مێژووی مرۆڤایەتییش جگە لە زنجیرە پرۆسەیەکی گواستنەوەی بیروبۆچوونی نێوان تاك و کۆمەڵ و نەوەکانیان بەولاوە هیچیتر نییە، چونکە ڕۆشنبیری بە هۆی ڕاگەیاندنەوە لە شوێنێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکیتر، خۆ ئەگەر ڕاگەیاندن نەبوایە، ئەوا هەرگیز نەکۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی و نە ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤایەتیشمان بەرچاو دەکەوت و ژیانی هەرتاك و هەر کۆمەڵگایەك لەویتر گۆشەگیر و دابڕاو دەبوو. بۆیە هەردەبێ بڵێین: هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە ڕاگەیاندن کۆنترین چالاکی ژیانی بووە،، هەرچەندە جۆرەها شێوەی ئاڵۆزیشی لەخۆگرتووە، بەڵام یەکێك بووە لە بنەما هەرە بنچینەییەکانی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگاکان و هۆکارێکیش بووە لە هۆکارەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستی.

لێکۆڵینەوە زانستییە تایبەتییەکانی بواری ڕاگەیاندنیش لە زانکۆکانی جیهاندا بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆلیژەکانی ڕاگەیاندن لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودا چالاکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بە تێپەڕبوونی کات بنەمای پرۆگرامی تایبەت بە ڕاگەیاندن دابڕێژرێت کە بریتی بێ لە جۆرەها شێوازی تیۆر و بنەمای زانستی کە هەر بەشێك، یان بوارێك لە بوارە مەعریفییەکان پێویستییان پێیەتی تا ناوی زانستییان لێبنرێت و وەکو زانست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت،

لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش بەجۆرێك تەکانیان بە رەوتی پەرەپێدانی ئەم بوارەدا، تا گەیاندیانە پێشەنگی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

هەر لەو رۆژەوەی کە لە نزیکەوە سەرنجمدایە زانستی راگەیاندن و بۆم دەرکەوت کە تەواوکەری زانستە مرۆڤایەتییەکانی دیکەیە، بیرۆکەی دانان و نووسینی پەرتووکی (پێشەکییەك بۆ زانستی راگەیاندن) بووە بەشێك لە خولیاو ئەندێشەم. لەبەر ئەوەی زانستی راگەیاندن لە کۆمەڵە دیاردەیەکی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە، تا دەگاتە جڵەوکێش کردنی خۆی و گۆڕانکارییەکانیشی، بۆیە ئامانجمان لە دانانی ئەم پەرتووکە پێناسەکردنی زانستی راگەیاندن و چەمکە جۆراوجۆرەکانێتی، جگە لەوەی کە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی هەر شتێك کە تایبەت بێ بە راگەیاندنی گشتییەوە، هەروەها زیاتریش تایبەت بێ بە راگەیاندنی جەماوەرییەوە، لەگەڵ خستنەڕووی نموونە و شێوازی جۆراوجۆر کە هەر هەمووی بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری گشتی و هەروەها تایبەتمەندیش بە زانستی راگەیاندنەوە داڕێژراون. سەرکەوتنیش لە خواوەیە.

**حەبیب کەرکوکی**

# بەشی یەکەم

## راگەیاندن.... چەمکەکانی.... شێوەکانی....

### پێناسەکانی راگەیاندن Definitions of Communication:

وشەی راگەیاندن Communication لە بنەڕەتدا لە وشەی (Communis)ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بە واتای بڵاو، یان باو (Common) دێت. بنچینەی پرۆسەی راگەیاندنیش هێنانەدیی گشتگیری و هاوبەشییە (Communness)، ئەمەش هەرگیز نایەتەدی، ئەگەر لایەنی کەم جۆرە لێك تێگەیشتنێك لەنێوان بواری ئەزموون و شارەزایی نێرەر و وەرگردا نەبێت کە ببێتە هۆی تێگەیشتنێکی هاوبەش و چوونیەك لە واتای پەیامی پەیوەندی کردنەکەی نێوانیان و بوونە هۆی تێگەیشتنێکی بونیادنراو لەسەر گۆڕینەوەی زانیاری و شارەزایی و کارامەیی لەنێوان هەردوو لایەنی پرۆسەی راگەیاندندا.

(کارل هوفلاند) بەمجۆرە پێناسەی راگەیاندن دەکات:

- پرۆسەیەکە کە تیایدا تاك (نێرەر) ئاگادارکەرەوەیەك (هێمای زمانەوانی، یان جوولە، یاخود ئاماژە) دەنێرێ — رەوان دەکات- تا رەفتاری تاکەکان (وەرگرەکان) هەموار بکات.



(چارلز مۆریس)یش بەمجۆرە پێناسەی راگەیاندن دەکات:

- زاراوەی راگەیاندن کاتێك بەشێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بەکاردەهێنین، ئەو کاتەیە کە بەشداریکردنی ژمارەیەك کەس لەکارێکی دیاریکراودا لەخۆدەگرێت.

بەڵام (جۆرج لندبرج) راگەیاندن بەوە پێناسە دەکات:

- کارلێکە بەهۆی هێماوە.

(ولبر شرام)یش دەڵێ:

- راگەیاندن ئەو ئامرازەیە کە لەیەك تێگەیشتن لەنێوان کۆمەڵگاکاندا مسۆگەر دەکات، ئەمەش بە سروشتی خۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگاکانیتر جیا دەکاتەوە.

هەروەها (باغی)یش بەمجۆرە راگەیاندن پیناسە دەکات:

- پرۆسەیەکی ئامانجداری گواستنەوەی زانیارییەکانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکتر، بە مەبەستی لەیەکتر گەیشتنیان.

(کۆمەڵگەی مەشقکردن لەسەر راگەیاندنی ئەمریکی)ش بەمجۆرە پێناسەی راگەیاندن دەکات:

- پرۆسەی گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و زانیارییە لەپێناو دۆزینەوەی لەیەکتر گەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان توخمەکانی مرۆڤایەتیدا.

(دکتۆر ئیبراهیم ئیمام)یش راگەیاندن بەوە پێناسە دەکات کە:

- پرۆسەی گواستنەوەی هەست و نەست و بیر و بۆچوون و زانیارییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.

کەچی (عەبدلحافز سەلام) بەمجۆرە پێناسەی راگەیاندن دەکات:

- پرۆسەی گواستنەوەی بیر و کارامەیی و ژیرییە (حکمە) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکتر.

هەروەها دەتوانین بەمجۆرە پێناسەی راگەیاندن بکەین:

- پرۆسەیەکە کە تیایدا نێرەر و وەرگری پەیام لە بابەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا کارلێك دەکەن، لەم کارلێککردنەشدا بیر و بۆچوون و زانیاری سەبارەت بە کێشەیەکی دیاریکراو لەنێوان تاکەکاندا دەگوازرێتەوە.

بەمجۆرەی خوارەوەش پێناسەی راگەیاندن کراوە:

- پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری و بیر و ڕاو بۆچوونە.

راگەیاندنیش بریتییە لە:

پرۆسەیەکە کە بە هۆیەوە واتا و زانیاری و بیر و بۆچوون لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکیتر، واتە لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر) بە مەبەستی هێنانەدی ژمارەیەك ئامانجی ویستراو.

## توخمەکانی راگەیاندن Elements of Communication:

**١- نێرەر** Sender:

ئەو کەسەیە کە پەیامەکە ئامادە دەکات و دەینێرێ بۆ وەرگر. پێویستە بیر و بۆچوون و مەبەست و زانیاری پێبێ کە بیەوێ بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو بینێرێت.

**٢- پەیام** Message:

پوختەی ئەو بەرهەمەیە کە لە بیر و بۆچوون و زانیاری دارێژراوە، چ بە هێمای زمانەوانی نووسراو یان وتراو، یاخود بە ئاماژە کە لێی تێبگەن، هەمیشە وشەش شادەماری گواستنەوەی واتاکانە، مرۆڤیش ئامانجی بنچینەیی و سەرەکی پەیامی راگەیاندنە. نێرەر هەڵدەستێ بە گۆڕینی بیروبۆچوونەکانی بۆ پەیامی دەنگی، یا نووسراوی، یاخود ئاماژەیی.

**٣- ئامراز** Channel:

بریتییە لە ئامرازی گواستنەوەی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، ئامرازیش دابەشدەبێت بۆ:



أ- ئامرازەکانی راگەیاندنی کەسێتی وەکو مۆبایل و تەلەفۆن و نامە.

ب- ئامرازەکانی راگەیاندنی کۆمەڵی وەکو بڵندگۆ و کۆنگرەکانی ئینتەرنێت و پەخشنامەکانی قوتابخانە.

ج- ئامرازەکانی راگەیاندنی (وەسیتی) وەکو ئێزگە ناوخۆییەکان و پەخشنامەکان.

د- ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری وەکو رۆژنامە و گۆڤار و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و رادیۆ و تەلەفزیۆن).

**٤- وەرگر** Receiver:

لایەنی وەرگری پەیامەکەیە و توانای وەرگێڕان و تێگەیشتنی ئەو هێما زمانەوانیانەی هەیە کە بیرۆکەکانی پێدارێژراوە، بۆ بیر و بۆچوون و زانیاری، یان راو بۆچوون، یاخود رەفتار.

**٥- دەنگدانەوە** Feed Back:

پرۆسەی دەنگدانەوە رۆڵێکی بنچینەیی لە زانینی وەڵامدانەوەی وەرگر بۆ پەیامی نێرەر دەبینێ و چوار جۆرە دەنگدانەوەش هەیە:

أ- دەنگدانەوەی نووسراو و دەنگدانەوەی بیستراو:

دەنگدانەوەی نووسراو لە رێگەی نامەوە دەبێت کە لەسەر ئامرازێکی نووسراو نووسرابێت، بەڵام دەنگدانەوەی بیستراو بە بەکارهێنانی هێمای بیستراوەوە دەبێت.

ب- دەنگدانەوەی کپ و دەنگدانەوەی دیار:

دەنگدانەوەی کپ ئەوەیە کە وەرگر هەستیپێدەکات، بەڵام هیچ دەربڕینێکی لەبارەیەوە نییە، کەچی دەنگدانەوەی دیار ئەوەیە کە وەرگر وەڵامی نێرەر دەداتەوە.

ج- دەنگدانەوەی هەنووکەیی و دەنگدانەوەی دواخراو:

لەوانەیە دەنگدانەوە هەنووکەیی و دەمودەست بێ، واتە وەرگر راستەوخۆ دوای وەرگرتنی پەیامەکەی نێرەر دەنگدانەوەکەی ئاراستە دەکاتەوە، کەچی دەنگدانەوەی دواخراو ئەوەیە کە لەبەر هەر هۆیەك بێ دەنگدانەوەکە دوا دەخات.

د- دەنگدانەوەی باش و دەنگدانەوەی خەراپ:

ئەو کاتە دەنگدانەوە بەرامبەر پەیامی نێرەر باش دەبێت کە وەرگر بە سینگێکی فراوانەوە پەیامەکە وەربگرێت، کەچی ئەگەر بە سینگێکی فراوانەوە وەرینەگرت، ئەو کاتە دەنگدانەوەکە خەراپ دەبێ.

## قۆناغەکانی پرۆسەی راگەیاندن Stages Of Communication:

لە پرۆسەی راگەیاندندا زنجیرە قۆناغێکی پێکەوە گرێدراو هەیە کە لە نێرەرەوە دەستپێدەکات و بە وەرگر و دەنگدانەوە کۆتایی دێت، بەم شێوەیەی خوارەوەش دیاری دەکرێ:






**١- لە ڕووی نێرەرەوە:**

أ- قۆناغی هەڵبژاردنی بیرۆکە:

لەم قۆناغەدا وەرگر ئەو بیرۆکەیە هەڵدەبژێرێ کە دەیەوێ دایبرێژێ و بۆ وەرگری بنێرێت، جا ئەو بیرۆکەیە چ رامیاری بێ، یا ئابووری، یاخود رۆشنبیری، یان کۆمەڵایەتی، یا هونەری، یاخود وەرزشی، یا زانستی بێ.

ب- قۆناغی بە کۆدکردنی بیرۆکەکە:

واتە داڕشتنی بیرۆکەکە لە شێوەی هێمای نووسراو، وەکو لە نامەی پۆستە و هێمای دەنگی وەکو لە قسەکردنی ئاسایی لەگەڵ کەسانیتردا.

ج- قۆناغی ناردن:

واتە گواستنەوەی پەیام دوای داڕشتنی و دڵنیابوون لە راستی و رەوانی و نەبوونی هەڵەی رێزمانی و رێنووسی تێیدا.

**٢- لە ڕووی وەرگرەوە:**

أ- قۆناغی وەرگرتنی پەیام:

لەم قۆناغەدا وەرگر پەیامەکە وەردەگرێ، جا چ پەیامی دەنگی بێ، یان نووسراو، یاخود ئاماژەیی بێ.

ب- قۆناغی کردنەوەی کۆد:

لەم قۆناغەدا وەرگر هەڵدەستێ بە کردنەوەی هێماکانی پەیامەکە لە رێگەی گۆڕینی هێماکان (وشەکان) بۆ بیرۆکە، لەبەرئەوەی وشە شادەماری گواستنەوەی بیرۆکەیە.

ج- هەڵوێست لە پەیامەکە:

هەڵوێستی وەرگر لە پەیامی نێرەر لە میانی چوار خاڵەوە دیاری دەکرێ کە ئەمانەن:

یەکەم: باوەڕهێنان بەو بیرۆکەیەی کە وەریدەگرێت.

دووەم: باوەڕنەهێنان بەو بیرۆکەیەی کە وەریدەگرێت.

سێیەم: پشتگوێخستنی ئەو بیرۆکەیەی کە وەریدەگرێت.
چوارەم: پاشەکەوتکردن و زیادکردنی بیرۆکەکە بۆ گەنجینەکەی.

## فاکتەرەکانی تێگەیشتنی وەرگر لە پەیامی نێرەر

**أ- زمانی هاوبەش:**

واتە ئەو زمانەی کە لە پرۆسەی راگەیاندندا بەکاردەهێنرێت نێرەر و وەرگر لێی تێبگەن، ئەویش بە بەکارهێنانی دەربڕینێك کە بەلای هیچیانەوە نامۆ نەبێت. بۆ نموونە ئەو کەسەی زمانی فەرەنسی نەزانێت لە کردنەوەی کۆدی ئەو هێمایانەی کە گوێی لێدەبێت و بە زمانی فەرەنسی داڕێژراون، شکست دێنێت و سەرکەوتوو نابێت.

**ب- سادەیی و رەوانی:**

لەپێناو تێگەیشتنێکی زیاتری پەیام، پێویستە بە ئاسانی لێی تێبگەن و سادە بێت و بەرەوانیش داڕێژرابێ، بۆیە زۆرجار نێرەر سادەترین ئاستی زمان بەکاردێنێت لە پێناو دواندنی وەرگر و تێگەیشتنی پەیامەکەی.

**ج- هەبوونی کات:**

واتە وەرگر کاتی تەواوی بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پەیامەی کە نێرەر دەینێرێ وەریبگرێت، چونکە ناشێ وەرگرێك رۆژنامەیەك بخوێنێتەوە، یان گوێ لە ئێزگەیەك بگرێت، یاخود تەماشای یەکێك لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بکات، لە کاتێکدا بۆ ئەو مەبەستە کاتی تەواوی لەبەردەستدا نەبێت.

## ئاکارەکانی نێرەری سەرکەوتوو Characteristic of Sender

١- توانای بەکارهێنانی هێما (وشە) لە داڕشتنی بیرۆکە و زانیارییەکانی.
٢- توانای باوەڕپێهێنان.
٣- خاوەن زانیارییەکی تەواو بێت.



٤- خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بێت

## ئاستەکانی راگەیاندن levels of Communication:

راگەیاندن چەندین ئاست لەخۆدەگرێت، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**١- لە رووی ئەو لایەنەی کە پەیوەندی پێوە دەکات:**

أ- راگەیاندنی خودی:

ئەو راگەیاندنەیە کە لەکاتی بیرکردنەوە و خەیاڵ و یادکردنەوەی کەسێك بۆ ئەزموون و بیروڕا و بیرەوەرییەکانی لەگەڵ خودی خۆیدا.

ب- راگەیاندنی کەسێتی:

ئەو راگەیاندنەیە کە لە نێوان کەسێك و کەسێکیتردا ئەنجامدەدرێت، یان رووبەڕوو، یاخود بە بەکارهێنانی یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندنی کەسێتی وەکو تەلەفۆن و مۆبایل و نامە.

ج- راگەیاندنی بە کۆمەڵ:

ئەو راگەیاندنەیە کە لە نێوان کەسێك و کۆمەڵە کەسێکدا ئەنجامدەدرێت، یان رووبەڕوو هەروەکو لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکاندا بە بەکارهێنانی یەکێك لە هۆیەکانی (ئامرازەکانی) راگەیاندنی کۆمەڵی وەکو بڵندگۆ، یان ئەو کۆنگرانەی کە کۆمەڵە برادەرێك لە رێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە گرێی دەدەن.

د- راگەیاندنی (وسیطی):

ئەو راگەیاندنەیە کە کاتێك نێرەر یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری بۆ قسەکردن لەگەڵ جەماوەرێکی تا رادەیەك کەم، وەکو بەکارهێنانی تەلەفزیۆن لە گواستنەوەی پرۆسەیەکی برینسازی قوتابییانی کۆلێژی پزیشکی لە یەکێك لە زانکۆکان، یان گواستنەوەی ناوەڕۆکێك لە رێگەی ئێزگەیەکی ناوخۆی

باخچەیەکەوە، یاخود بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروڕا لە پەخشنامەیەکی قوتابخانەییدا.

هـ- ڕاگەیاندنی جەماوەری Mass Communication:

ئەو ڕاگەیاندنەیە کە لەنێوان دامەزراوێکی ڕاگەیاندن و جەماوەرێکی فراوان ئەنجامدەدرێت، لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەرییەوە (ڕۆژنامە، گۆڤار، ئیزگە و تەلەفزیۆن).

**٢- لە ڕووی بەکارهێنانی ئامرازەکانی (هۆیەکانی) ڕاگەیاندنەوە:**

أ- ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆ:

زۆرجار ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو لەنێوان نێرەر و وەرگردا ئەنجامدەدرێت، هەروەکو لە ڕاگەیاندنی کەسێتی و کۆمەڵیدا ئەنجامدەدرێت.

ب- ڕاگەیاندنی نا ڕاستەوخۆ:

کاتێك کە نێرەر کەناڵێك، یان هۆیەکی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت، چ نووسراو بێت وەکو: (ڕۆژنامە و گۆڤار)، یان بیستراو وەکو: (ئیزگە)، یاخود بینراو وەکو: (تەلەفزیۆن).

**٣- لە ڕووی جەماوەرەوە:**

أ- ڕاگەیاندنی دیاریکراو (سنووردار):

کاتێك دەبێ کە لەگەڵ جەماوەرێکی هاوشێوە و گونجاو (متجانس) لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیرییانەوە وەکو لە نێوان کۆمەڵێ قوتابی، یان کۆمەڵە منداڵێك، یاخود کۆمەڵە ئافرەتێك ئەنجامبدرێت.

ب- ڕاگەیاندنی دیاری نەکراو (بێ سنوور):

کاتێك دەبێ کە لەگەڵ جەماوەرێکی نەگونجاو (غیر متجانس) وەك ئەوەی لەگەڵ تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگادا، یان لە کاتی دواندنی جەماوەرێك کە لە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جیاوازدا بن.



**٤- لەڕووی دەنگدانەوەدا (رجع الصدى):**

أ- ڕاگەیاندنی یەك ئاراستە:

لەمجۆرە ڕاگەیاندنەدا وەرگر بۆی نارەخسێ لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا بەشداریبکات، تەنها لە میانی وەرگرتنی پەیامەوە نەبێت، هەروەکو لەگەڵ جەماوەری ئامرازەکانی (هۆیەکانی) ڕاگەیاندنی جەماوەریدا.

ب- ڕاگەیاندنی دوو ئاراستەیی:

ئەو کاتە دەبێ کە وەرگر لە گفتوگۆ و ڕادەربڕیندا بەشداریدەکات، هەروەکو لە ڕاگەیاندنی کەسێتیدا ڕووبەڕوو ئەنجامدەدرێت.

## ئەرکەکانی ڕاگەیاندن Functions of Communication:

ڕاگەیاندن: بەوەی کە چالاکییەکی تاکە کەسی و بە کۆمەڵ و جامەوەریشە و بەشداریکردن لە بیرو بۆچوون و خستنەڕووی ڕاستییەکان و ڕاگەیاندراوەکان دەگرێتەوە، بۆیە کۆمەڵێك ئەرکی جۆراوجۆر دەگەیەنێت، کە دەتوانین ئەرکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن بەمجۆرە بخەینەڕوو:

١- ئەرکی ڕاگەیاندن:

بریتییە لە کۆکردنەوە و پاشکەوتکردن و چارەسەر و بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاری و ڕاگەیاندراوەکان و وێنە و بیروڕاکان لە پێناوی تێگەیشتنی ژینگەی دەوروبەرو هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن تیایدا بەشێوەیەکی زانستی و کارامەیی و لێهاتووییەوە.

٢- ئەركی گەشەكردنی كۆمەڵایەتی*:

ئەم ئەركە خۆی لەدابینكردنی گەنجینەیەكی هاوبەشی زانست و زانیاری دەبینێتەوە، كە تاكەكان بە هۆیەوە بتوانن ببنە ئەندامی كاریگەر و بونیادنەرو لە كۆمەڵگاكانیاندا بژین و بەشداری لە هۆشیاری كۆمەڵایەتی و كاری بە كۆمەڵ و كێشەكانی كۆمەڵگادا بكەن.

٣- ئەركی خولقاندنی پاڵنەرەكان (دوافع):

واتە راگەیاندن بەشداری لە هاندان و پاڵپێوەنانی جەماوەر دەكات بۆ بڕیاردانی باش و گونجاو كە توانای خزمەتكردنی كۆمەڵگای هەبێت، پاشانیش بەشداریكردن لە درێژەدان بە پرۆسەی كارلێكی كۆمەڵایەتی لەنێوان تاكەكانیدا.

٤- ئەركی سیمینار و گفتوگۆ:

راگەیاندن بەشداری لە گۆڕینەوەی بیرو ڕاو بۆچوونی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا دەكات لە رێگەی سیمینار و گفتوگۆوە، بۆ زانینی زانیاری و بیروڕای یەكتری.

٥- ئەركی پەروەردەیی:

---

* گەشەكردنی كۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەكرێت: كە پرۆسەیەكە هەر لەكاتی لەدایكبوونەوە دەستپێدەكات، تا كاتی مردن، لەو ماوەیەشدا تاك دابونەریت و زانیاری و زانست فێردەبێت و دەبێتە بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی. پێنج دامەزراوی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتیش هەیە:

١- خێزان: تیایدا تاكەكان بەشێكی زۆری دابونەریت و زانیارییەكان فێردەبن.

٢- هاوڕێ: تاك لە هاوڕێكانییەوە زانیاری و هەڵسوكەوت و رەفتار و دابی جۆراوجۆر فێردەبێت.

٣- دامەزراوە پەروەردەییەكان: (قوتابخانە و پەیمانگا و كۆلێژەكان): تاك تیایدا زانست و زانیاری و هەروەها ژمارەیەك بنەما و دابونەریتی خوێندن فێر دەبێت.

٤- ئامرازەكانی راگەیاندن: مرۆڤ تیایدا فێری دابونەریت و زانست دەبێت و زانیاریش لەسەر دابونەریتی گەلان و نەتەوەكانی دیكە وەردەگرێت.

٥- ئایین: لەم دامەزراوەیەشدا مرۆڤ فێری زانیاری زۆر دەبێت، لەسەر هەڵسوكەوتی ئاینی و قەدەغەكراوەكان.



بریتییە لە بڵاوكردنەوەی زانیاری بە شێوازێك كە ببێتە هۆی نەشونماكردنی رۆشنبیری و پێكهێنانی كەسێتی و بەدەستهێنانی كارامەیی و لێهاتوویی لەسەرجەم قۆناغەكانی ژیاندا.

٦-ئەركی رابوونی رۆشنبیری:

راگەیاندن تەقەلای بڵاوكردنەوەی چالاكی و كاری رۆشنبیری و هونەری دەدات، بە مەبەستی كەلتوور و پەرەپێدانی رۆشنبیری لە رێگەی فراوانكردنی ئاسۆی هەستی تاكەكان و بزواندنی خەیاڵ و تێركردنی پێداویستییە جوانكارییەكان و ئاوەڵاكردنی توانایان لەسەر داهێنان.

٧-ئەركی تەرفیهی:

بریتییە لە پێشكەشكردنی دراما و گۆرانی و فیلم و بڵاوكردنەوەی رۆمان و چیرۆك و پێشكەشكردنی هەموو جۆرەكانی هونەر وەكو مۆسیقا و دەنگ و وێنە بە مەبەستی بەسەربردنی كاتێكی خۆش چ وەكو تاك و چ وەكو كۆمەڵ و جەماوەریش، هەروەها رزگاركردنی خەڵكی لەو خەم و ئەندێشە و ناسۆرانەی كە لە ژیانی رۆژانەیاندا رووبەڕوویان دەبنەوە.

٨- ئەركی دەستەبەری (التكافل):

بریتییە لە دابینكردن و فەراهەمكردنی هەل بۆ هەموو كەسێك، بەجۆرێك كە دەستەبەری گەیشتن بە ئامانجەكانیان بكات و زانین و تێگەیشتنی بارودۆخی گوزەرانی خەڵكانیترو راوبۆچوون و خواستەكانی ئەوانیش بهێنێتەدی.

## ئامانجەکانی راگەیاندن Aims of Communication:

١- چاودێری ژینگە:

ئامانجی راگەیاندن چاودێریکردنی ژینگەی دەوروبەر و گواستنەوەی ئەو رووداوانەیە کە تیایدا روو دەدات، هەروەها پەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵانی خەڵك و کۆمەڵگا و نەتەوەکانە، لە میانی ئەم ئامانجەشەوە تاك زانیاری تەواو لەسەر ژیانی کەسانیتر وەردەگرێ و ئاشنایان دەبێ و خەڵکانیتریش دەیناسن و زانیارییان دەربارەی ژیانی دەبێت، بەمەش تاك دەکەوێتە ژێر سەرنج و تێڕوانینی رۆڵەکانی کۆمەڵگاکەی.

٢- پەیوەندی گرێدان (الترابط) :

ئەم ئامانجەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەناو تاکەکاندا دروستبکات لە رێگەی لەیەکتر گەیشتن و تێپەڕاندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، (الترابط) یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ، چونکە پەیوەندی گرێدان لە ئەنجامی لە یەکتر حاڵی بوون و لەیەکترگەیشتنەوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەدایك دەبێ.

٣- گواستنەوەی کەلتووری کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر:

ئامانجی راگەیاندن گواستنەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤە کە بریتییە لە دابونەریت و کەلتوور و زانست و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر. خۆ ئەگەر بەهۆی کاریگەرێتی کۆمەڵگاکان لەسەر یەکتری دابونەریتەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر گۆڕانیان بەسەردابێ، ئەوا زانستەکانیش رۆژ لەدوای رۆژ بەهۆی پەرەسەندنی پرۆگرامە زانستییەکان و گۆڕان بەرەو تایبەتمەندی (پسپۆڕی) بوونی زانستی هەنگاو دەهاوێژن و پەرەدەسێنن.

٤- گەشەپێدان:

ئامانجی راگەیاندن گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری کۆمەڵگایە، بەکاریگەرێتی ئەو تێگەیشتنە بەردەوامەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا



توانای بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ئامرازی گەشەپێدانی مارامەترو بەتواناتر دەستەبەر دەبێ.

٥- دبلۆماسییەت:

راگەیاندن لە رێگەی دیبلۆماسیەتەوە دەتوانێ ئەو تێگەیشتن و لێکحاڵی بوونە لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵگا و وڵاتەکاندا بهێنێتەدی و بە پشتبەستن بە شێوازی سەردەمیانە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ئارێشانەی روودەدەن بەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابوورییانەدا زاڵبێت.

## چەمکەکانی راگەیاندن Concepts of Communication:

١- راگەیاندن پرۆسەیەکی بەڵگەییە (دلالیە):

پشت بەو هێمایانە و بنەماکانی بەکارهێنانیان دەبەستێت کە لەنێوان کۆمەڵە مرۆڤایەتییەکاندا پشتی پێدەبەسترێت.

٢- راگەیاندن پرۆسەیەکی ئەقڵییە:

لە یادەوەرییەکانی مرۆڤدا کۆمەڵێك واتا و هێما تۆمار دەکرێت و یادەوەریش رۆڵێکی بنچینەیی لەدووبارە گەڕاندنەوەیاندا دەبینێتەوە.

٣- راگەیاندن پرۆسەیەکی دەروونییە:

چونکە مرۆڤ لە میانیدا واتای وشەکان (هێماکان)ی فێردەبێ و ئەم واتایانەش رۆڵێکی سەرەکی لە هەستپێکردن بە جیهانی دەوروبەر و وەڵامدانەوەی دەبینێت.

٤- راگەیاندن پرۆسەیەکی رۆشنبیرییە:

چونکە لە رێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێ لەخۆی و ژینگەی دەوروبەری تێبگات و کۆمەڵێك دابونەریت و زانیاری لا دروستببێت.

## جۆرەكانی راگەیاندن Types of Communication:

١- راگەیاندنی بەرەو سەرەوە (تصاعدی):

ئەو راگەیاندنەیە كە واتاكان لەكەسانی خوارەوە دەگەیەنرێتە كەسانی سەرووتر، ئەمجۆرە راگەیاندنەش لە رێكخستنی هەرەمیدا دەردەكەوێت. چونكە دەسەڵات لە میانی هاوكارییەكی رێكوپێكدا دادەمەزرێت كە تیایدا پرۆسەی راگەیاندن پێكدێت، راگەیاندنی بەرەو سەرەوە، ئەو راگەیاندنەیە كاتێ فەرمانبەرێك راستەوخۆ قسە لەگەڵ سەرۆكی فەرمانگەكەی دەكات.

٢- راگەیاندنی بەرەو خوارەوە (تنازلی):

بریتییە لە راگەیاندنێك كە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتە گەیاندنی فەرمان و راسپاردە و بڕیارەكان لەسەرۆكەوە بۆ فەرمانبەرانی خوارەوە، یان خۆی لەو بڕیارە پلانانە دەدۆزێتەوە كە ئاراستەی كەسانی خوارەوە دەكرێت.

٣- راگەیاندنی ئاسۆیی:

ئەمجۆرە راگەیاندنە لەسەر یەك ئاستی كارگێڕیدا روودەدات، بەجۆرێك كە راگەیاندنەكە راستەوخۆ لەسەرۆكەوە بۆ بەڕێوەبەرەكان و كەسە كاربەدەستەكان بێت، بۆ نموونە ئەمجۆرە راگەیاندنە لەناو یەك دامەزراوەدا ئەنجامدەدرێت، ئەویش ئەو راگەیاندنەیە كە لە نێوان تاكەكاندا و لە میانی گفتوگۆكردن لەسەر كێشەیەكی دیاریكراو دەكرێت.

## شێوەكانی راگەیاندن Shapes of Communication:

سێ شێوەی راگەیاندن هەیە كە بریتین لە:

١- راگەیاندنی ئاماژەیی (غیر لفظي– ناگوتەیی):

بە كۆنترین شێوەكانی راگەیاندنی مرۆیی دادەنرێت، تیایدا نێرەر بۆ راگەیاندنی ئەو بیرۆكەیەی هەیەتی بۆ وەرگر كۆمەڵێك ئاماژەو (امائات) بەكاردەهێنێت.



مرۆڤی كۆن بەرلەوەی زمانی ئاخاوتن و نووسین بدۆزێتەوە، ئەمجۆرە راگەیاندنەی بەكارهێناوە، تا ئێستاش هەندێكییان بۆ راگەیاندن و گواستنەوەی هەندێ واتا بۆ كەسانیتر ئاماژە و هەندێ جوولەی تایبەتی لە ژیانی رۆژانەیاندا بەكاردەهێنن.

٢- راگەیاندنی گوتەیی (لفظي):

ئەم شێوە راگەیاندنە پشت بە زمانی ئاخاوتن دەبەستێت، لە رێگەی پێكهێنانی رستە لە وشەوە بەمەبەستی سازدان و گەڵاڵە كردنی بیرۆكەیەك و پاشان گواستنەوەی بۆ وەرگر. دەتوانین پێناسەی زمان بەمجۆرە بكەین كە: (سیستەمێكە لە هێما و لەكاتی پرۆسەی راگەیاندندا پەنای بۆ دەبەین)، زۆر پێویستیشە كە نێرەر و وەرگر هەردووكیان زمانی پەیامەكە بزانن بۆ ئەوەی لەیەكتر تێبگەن، چونكە پرۆسەی راگەیاندن تەنها لە ناردندا ناوەستێت و كۆتایی نایەت، بەڵكو پێویستی بە تێگەیشتن هەیە، هەروەها پێویستە لەیەكچوون و نزیكییەك لەنێوان گەنجینەی زمانەوانی هەردوولا (نێرەرو وەرگر)دا هەبێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەیەكتر تێبگەن.

٣- راگەیاندن بە نووسین:

مەبەست لە راگەیاندنی نووسراو، تێكڕای هۆیە نووسراوەكانە كە لە پرۆسەی گواستنەوەی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بەكاردەهێنرێت، وەكو رۆژنامە و گۆڤار و نامە و بڵاوكراوە و راپۆرت و یاداشت و..تاد. ئەم شێوە راگەیاندنە پێویستی بە بەڵگەیەكی نووسراو هەیە كە دەتوانرێ لەكاتی پێویستیدا بگەڕێیتەوە سەری، بەڵام خەوشێكی هەیە ئەویش گرانییەكەیەتی لەڕووی داراییەوە، چونكە چاپ و بڵاوكردنەوەی زانیارییەكان تەنها لە چوارچێوەیەكی بەرتەسكدا بڵاو دەكرێنەوە، كە بڵاوكردنەوەیشیان كاتێكی زۆری دەوێ، بۆ نموونە پرۆسەی دابەشكردنی رۆژنامە و گۆڤارەكان پێویستییان بە كاتێكی زۆر هەیە بۆ گەیاندنیان بە خوێنەر.

٤- راگەیاندنی ئەلیكترۆنی:

لە گرنگترین و دیارترین شێوەكانی راگەیاندنی ئەلیكترۆنی ئێزگە و تەلەفزیۆن و تەلەفۆن و فاكس و ئینتەرنێتە، ئەم ئامرازانەش لایەنی باشیان

لەوەدایە کە بەخێرایی و توانستێکی زۆرەوە پەیامەکە دەگەیەننە شوێنی مەبەست، وێڕای دووبارە پیشاندانەوە و خستنەڕوو و بینینەوەی لەلایەن وەرگرەوە هەر کاتێك بیەوێ.

## بەشداریکردن لە پرۆسەی راگەیاندندا

## Contribetion in Communication Process

کاتێ منداڵ لەدایك دەبێ لە رووی جەستەیی و دەروونی و راگەیاندنەوە بوونەوەرێکی دەستەپاچە و بێدەسەڵاتە، چونکە توانای بەرزەفکردن و زاڵبوونی نییە بەسەر رەفتاری خۆی و رەفتاری خەڵکانی دیکە و هەتا بەسەر ژینگەی دەوروبەریشییەوە، لەبەرئەوەی لەژێر فشاری چەند هێزێکدایە و کاریگەرێتیی بەهێزیشیان بۆ سەری هەیە، وەکو خێزان و ژینگە، بەڵام دوای چەندساڵێك ئینجا دەتوانێ کاریگەرێتی دیاربێت، واتە ئەویش دەتوانێ کار لە ژینگەی دەوروبەری بکات، هەروەکو چۆن ئەو ژینگەیە کاریگەرییان بۆ سەری هەبووە.

منداڵ لە دووەمساڵی تەمەنیدا هێدی هێدی توانای بەسەر قسەکردندا دەست بەزاڵبوون دەکات، ئەوەش لە رێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە، هەروەها فێری قسەکردن دەبێت و لەسەرەتاوە لە پرسیارکردنەوە دەستپێدەکات، بەمەش توانای داواکردنی داخوازییەکانی و پێداویستییەکانی دەبێت و ئەو هەست و سۆزەی ناخی بە پێکهاتنی گەنجینەیەك لە زاراوەی زمانەوانییەوە دەردەبڕێت*.

---

* جیهانی دەروبەرمان لە کۆمەڵێك دیاردەو شتی سرووشتی وەکو دار و درەخت و ناسرووشتیش چ بینراو بێ، یان نەبینراو پێکهاتووە، وەکو زانراویشە کە مرۆڤ بۆ هەر یەکێك لەو شت و دیاردانە هێمایەکی دیاریکراوی داناوە و لە شتێکیتری جوودا دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەو شتەی کە لق و گەڵای سەوزی هەیە ناوی لێنا (درەخت)، ئەو شلەیەی کە بە جۆگاو جۆبارەکانیشدا دەڕوات ناونا (ئاو). ئەم پرۆسەیەشی بۆ هەزاران ساڵی بەرلەئێستا دەگەڕێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە پێشەنگەکانمان



لە کۆتایی ساڵی شەشەم و حەوتەمی تەمەنیدا منداڵ فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت و لە میانی ساڵانی خوێندنیشیدا فێردەبێت چۆن ئەزموون و تێگەیشتنی فراوانتر بکات و کاروبارەکان هەڵسەنگێنێ و بەشێوازی جۆراوجۆر بڕیاری بەجێ و گونجاویان لەسەر وەربگرێت و رێگای نەگونجاویش لە هەڵبژاردنی بڕیارەکانیدا رەتبکاتەوە، هەروەها بە ئاسانییەوە توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەی خەڵکانیتر و ژینگەی دەوروبەری دەبێت و لە کۆتاییشدا دەست بە دوورکەوتنەوە لە هەلومەرجی دەوروبەری خۆی دەکات.

---

ناوی شتەکانیان ناوە و ئێمەش نەوە لەدوای نەوە هەندێك گۆڕانکاریی بەسەر ئەو زاراوانەدا دەهێنین و زاراوەی نوێش دێنینە ئاراوە، وەکو فڕۆکە و مۆبایل و کۆمپیوتەر و...تاد.

منداڵ لە میانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا: (ئایین، خێزان، هاوڕێکانی، دامەزراوەکانی پەروەردە و هۆیەکانی راگەیاندن) هێدی هێدی لە رێگای پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا فێری ئەو هێماو ناوانە دەبێت، واتە لە رێگای راگەیاندنی بە کەسانیترەوە، فێری ئەوەش بوو کە چۆن هەست و هۆشی خۆی دەربڕێت، واتە داڕشتنەوەی بە شێوەی هێمای خوێنراو و بیستراو، دەنگە بیستراوەکانیش دەربڕینی هێما خوێنراوەکانن. بەکارهێنانیشمان بۆ هێمای نووسراو، یان خوێنراوەکان، بەمەبەستی قەرەبوو کردنەوەی شتە راستەقینەکانن، واتە ناتوانین کیتابێك بهێنین هەرچەندە بڵێین (ئەوە کتێبە). هەروەها دەنگی بیستراویش وەکو ئاماژەیەك بەکاردەهێنین بۆ شتە راستەقینەکان لە جیهاندا. خۆئەگەر یەکێکمان بیەوێ هەست و سۆزی خۆی دەربڕێت، ئەوا هەر دەبێ یان هێمای نووسراو، یاخود بیستراو بەکاربهێنێت، بەڵگەش بۆ ئەمە کاتێك منداڵ هێماکان ناناسێت، بۆیە بە پێکهاتنی هێمای زمانەوانی نووسراو و بیستراو شکست دەهێنێت، بەڵام ئەو لە رێگای فێربوون و هونەری ئاخاوتنەوە هێدی هێدی لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی بەکەسانیترەوە گەنجینەیەکی زمانەوانی بۆ خۆی دابیندەکات. رۆژنامەنووسیش- کارمەندی هەموو بوارەکانی راگەیاندن- ناچارە، یان پابەندە کە گەنجینەیەکی زمانەوانی بۆ خۆی فەراهەم بکات و توانای بەکارهێنانی هێماو (وشە)ی لە رستەدا هەبێت بە رەچاوکردنی ئەو بنەما رێزمانییە زمانەوانییانەی کە لەسەری رێککەوتوون.

تێکڕای ئەو ئەزموونانە پێویستی بە پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندنەوە هەیە، لەبەرئەوەی تاك لە پرۆسەکەدا فەرمان دەدا و فەرمانیش وەردەگرێت، بەمەش خودی خۆی پێداویستی و داخوازی دەبێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی داخوازی و پێداویستیی بەرپرسەکانی و فێری چەندین ڕاستیی دیاریکراو دەبێت کە هەندێکیان دەربارەی دروستکردنی شتەکان و چۆنیەتی شکاندن و گۆڕینیانن، جا کاتێك بە تەواوی پێدەگات و لەو ڕێگا و ڕێبازانە تێدەگات کە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەکان لەبەر ڕۆشناییدا کاردەکەن، بناغەی سەرەکی ئەم تێگەیشتنەش بە پرۆسەی ڕاگەیاندنەوە وابەستە و گرێدراوە، بەمەش بەشداریی لە هاتنەکایەی دامەزراوەکان دەکات کە خۆیشی سەربەوانە و بەهاوبەشی بەشداریکردنی ئەوانیتر وەکو خێزان و هاوڕێیەتی و کۆمەڵەکانیتر پرۆسەکە تەواو دەبێت.

ڕاگەیاندن: کارلێکێکە بە هێمای بێژەیی (لفظي)و نابێژەیی (ئاماژەیی) لەنێوان دوو لایەندا: یەکێکیان (نێرەر)ە کە دەست بە قسە دەکات و دووەمیشیان (وەرگر)ە کە گوێ لە قسەکەی نێرەر دەگرێت. جا ئەگەر وەرگر لە قسەکە تێنەگەیشت ئامانجی ڕاگەیاندنەکە کە تێگەیشتنە نایەتەدی، ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە زانیاری و بیروڕایەك بە شێوەیەکی تاك لایەنە ئاراستە بکرێت، بێ زانینی جۆری وەڵامەکە و کاریگەرێتییەکەی لای وەرگر.

## کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم ڕاگەیاندن
## Obstruction of Communication

پرۆسەی ڕاگەیاندن بەبێ کۆسپ و ئاستەنگ و لەمپەر نابێ، چونکە گەلێ جار بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە هەندێ سەرچاوەی واژە واژ (تشویش)و ناڕێکی دێتە ئاراوە، بەڵام گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی پەکخستنی گەیشتنی ئامانجی پەیام بریتین لە:

١- بێئاگایی وەرگر لە پەیامی نێرەر.



٢- تێنەگەیشتنی وەرگر لە ناوەڕۆکی پەیام.

٣- بەکارهێنانی جۆرە وشەیەك کە واتای جیاوازی لای وەرگرەکان هەبێت.

٤- -فشار و پاڵەپەستۆی کات (نەبوونی کات) لای نێرەر و وەرگر.

٥- کاریگەرێتی حوکمی کەسێتی لای وەرگری پەیام لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاگەیاندندا.

٦- واژەواژ (تشویش) خستنەسەر پەیام لەکاتی ڕاگەیاندنیدا، کە خۆی لە ژاوەژاو و دەنگەدەنگ و شتیتردا دەبینێتەوە.

بۆ زاڵبوونیش بەسەر کاریگەرێتی ئەو کۆسپ و ئاستەنگ و ئاریشانە لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:

١- پێشکەشکردنی زانیاری بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئارەزووی وەرگردا بگونجێت، چونکە وەرگر بە گوێرەی ڕادەی وەڵامدانەوەی پێداویستییە دەروونی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی پێشوازی لە زانیارییەکان دەکات، یان پەسندیان ناکات.

٢- دیاریکردنی زانیارییەکان لە ڕستەی (یەکەی) بچووك و کورتدا، واتە لە وێنەی کورت و ئاساندا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی زمان و بەکارهێنانی هێماکان (وشەکان) لە دەقی وادا کە تێگەیشتنی ئاسان بێت.

٣- دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ وەرگرو زانینی کاتی دەست بەتاڵی.

٤- چارەسەرکردنی ئەو ژاوەژاوەی کەلەکاتی ناردنی پەیامدا پەیدا دەبێت.

## تایبەتمەندییەکانی پەیامی ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو
## Particularities of Communication

پەیام بنچینەی پرۆسەی ڕاگەیاندنە و ئەڵقەی گەیاندنی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگرە و بەهیچ شێوەیەکیش پرۆسەی ڕاگەیاندن بەبێ بوونی پەیامێك ئەنجامنادرێ و پێویستە هەندێ تایبەتمەندی لە پەیامی ڕاگەیاندندا هەبێت، تاکو پەیامەکە لای وەرگر پەسند بێت، لەوانەش:

١- بێ لایەن و ڕاشکاوانە بێت:
واتە ڕاستی بڵێ، هەتا بچێتە ناخەوە و ببێتە هۆی گۆڕانێك لە زانیاری و ڕەوت و ئاراستە هەڵەکانی وەرگر، یان کۆمەڵێك زانیاری و بیر و بۆچوونی دیکە بخاتە سەر خەرمانی زانیارییەکانی وەرگر، پێویستە لایەنگیری لایەك بۆ لایەکیتر نەکات.

٢- ڕاست و دروست بێت:
واتە ڕەچاوی درووستی زمانی داڕشتنی ناوەڕۆکی پەیامەکە بکرێ، کە هیچ هەڵەیەکی ڕێزمانی و ڕێنووسی تێدا نەبێت و وشەی پاراو و ڕەوان هەڵبژێردرێت و لە ڕستەی درووست و بڕگەی دەربڕینی واتاداردا بەکاربهێنرێت، چونکە زمانی پاراو و دروست ئاستی پەرۆشی نێرەر لە ڕاگەیاندنی پەیامەکەیدا بۆ وەرگر بە تەواوی نیشاندەدات.

٣- ڕەوان و ئاشکرا بێت:
پێویستە واتای ڕاگەیاندن ڕەوان و ئاشکرا بێت و هیچ کەلێن و درزێك نەهێڵێتەوە کە ببێتە هۆی تێنەگەیشتنی وەرگر لێی، ئەمەش پێویستی بە پشکنین و وردبوونەوە لە هەموو وشە و ڕستە و بڕگەیەکی پەیامەکە هەیە، تاکو وەرگر بە ڕەوانی لێی تێبگات.

٤- تەواو و بێ کەموکووڕی بێت:
پێویستە پەیامەکە واتایەکی تەواوی هەبێت و لە ڕێگەی بەخشینی زانیارییە سەرەکییەکانەوە وەڵامی پرسیارەکانی وەرگر بداتەوە و ئامانجی ڕاگەیاندنەکەیشی تێدا ئاشکرا بێت، ئەمەش وا دەخوازێت کە نێرەر بەتەواوی لە وەرگر بکۆڵێتەوە و تێیبگات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە گوێرەی ئەوە مەبەستی خۆی لە ڕاگەیاندنی پەیامەکە ئامادە بکات، هەروەها نابێ نێرەر گریمانی وا بکات کە وەرگر لەیەکەم ساتەوەختی وەرگرتنی پەیامەکەدا دەمودەست لێی تێدەگات، شتێکی ئاساییشە گەر بۆ چەند جارێك پەیامەکەی دووبارە بکاتەوە، هەتا وێنەیەکی تەواو لە ئامانجی ڕاگەیاندنەکەی ببەخشێتە وەرگر.



٥- کورت و پوخت بێت:
پێویستە نێرەر پەیامەکەی بە کورتی دابڕێژێت و ئەو زانیارییانە لابدات کە بەلای وەرگرەوە بەهایەکی ئەوتۆیان نییە و ئامانجی ڕاگەیاندنەکەش ناهێنێتەدی، هەروەها پێویستیشە کە نێرەر خۆی لە درێژدادڕی دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەی وەرگر تووشی بێزاری نەکات.

٦- چێژدار و پاراو (ناسك) بێت:
پێویستە لەسەر نێرەر کە وشەی خۆش و چێژدار و ناسك و بە پێز و بە بڕشت لە پەیامەکەیدا بەکاربهێنێت، تا کەشێکی پڕ ڕێز و سۆز و خۆشەویستی بۆ ڕاگەیاندنەکە دابینبکات.

٧- هەست پێکراو بێت:
پێویستە وشەکانی پەیام هەستپێکراو بن، لەبەرئەوەی وشەی هەستپێکراو مەبەستی زیاتر دەپێکن لە وشەی وشك و ئاسایی، لەبەرئەوەی لە هەستی مرۆڤایەتییەوە نزیکن.

## شێوەکانی پەیامی پرۆسەی ڕاگەیاندن:

١- شێوەی زمانەوانی:
بریتییە لە دەقی نووسراو و بیستراو و بینراو لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا.

٢- شێوەی ڕەنگی:
بریتین لە تابلۆ و هۆیەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوە و ئەتڵەسی جوگرافی و وێنەی کێشراو کە لەگەڵ بابەتە نووسراوەکان لە فەرهەنگ و گۆڤارەکاندا دەخرێنەڕوو.

٣- شێوەی ڕووناکی:
وەکو ئاماژەکانی هاتوچۆ و گڵۆپی ئۆتۆمبێل و ئاگر کوژێنەوە و پۆلیس و...تاد.

٤- شێوەی ژمارەیی:
وەکو خشتە و ئامار و ژمێریاریی بانك و دامەزراوەکان.

٥- شێوەی دەنگی:

وەکو ئەو دەنگانەی کە مرۆڤ بۆ تێگەیاندنی کەسانیتر بەکاریدێنێت، هەروەها ئەو کاریگەرییە دەنگانەی کە لەگەڵ فلیمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی و زنجیرە دراماییەکاندا لێدەدرێن.

٦- شێوەی ئاماژەیی:

وەکو ئاماژە و جوولە و .........تاد.

## شۆڕشەکانی راگەیاندن Revolutions of Communication

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی (٥) پێنج شۆڕشی راگەیاندن بەسەر جیهاندا هاتووە:

١- یەکەمین شۆڕشی راگەیاندن:

بریتییە لە داهێنانی زمانی ئاخاوتن لەلایەن مرۆڤەوە کە بەهۆیەوە توانی لەگەڵ کەسانیتردا تێبگات و کۆمەڵە مرۆڤی وایان پێکهێنا کە بە هۆی زمانەوە لەیەکتر تێبگەن.

٢- دووەمین شۆڕشی راگەیاندن:

خۆی لە دۆزینەوە و داهێنانی نووسیندا دەبینێتەوە، نووسینی سۆمەریش کە لەدەوروبەری (٣٠٠٠) سێ هەزار ساڵ پێش زایین داهێنرا، بەیەکەم تۆمارکردنی نووسین دادەنرێت، ئەمەش بە نووسین لەسەر تاتە قوڕینەکانیان.

٣- سێیەمین شۆڕشی راگەیاندن:

ئەمەیان خۆی لە دۆزینەوەی چاپدا دەنوێنێ لەلایەن گۆتەنبەرگەوە، چونکە توانرا کتێب و رۆژنامە و گۆڤار چاپبکرێت، هەر بەهۆی ئەم شۆڕشەوە مرۆڤ رووی لە لایەنی راگەیاندنی جەماوەری کرد.

٤- چوارەمین شۆڕشی راگەیاندن:

ئەم شۆڕشەش خۆی لە داهێنانی رادیۆدا دەبینێتەوە دوای چەندین تاقیکردنەوە، یەکەم هەوڵی پەخشکردنی ئیزگەیش لە ساڵی ١٩٢٠دا دانرا. هەروەها بە داهێنانی تەلەفزیۆنیش کە یەکەم پرۆسەی پەخشی تەلەفزیۆنی لە ساڵی ١٩٣٦دا ئەنجامدرا.



٥- پێنجەمین شۆڕشی راگەیاندن:

ئەم شۆڕشەیان بریتییە لە داهێنانی کۆمپیوتەر و گواستنەوەی پەخشی ئێزگە و تەلەفزیۆنی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە.

## شێوازەکانی راگەیاندن Modes of Communication:

(بافلز)و (باریت) سەبارەت بە راگەیاندن و بایەخەکانی هەندێ تۆژینەوەیان ئەنجامدا، لە ئاکامدا بۆیان دەرکەوت کە چوار شێوەی راگەیاندن هەیە:

١- شێوەی یەکەم شێوەی (تایە):

لەم شێوازەدا تاکێک لە کۆمەڵێکدا دەتوانێ پەیوەندی بە ئەندامانی کۆمەڵەکانیترەوە بکات، بەڵام ئەندامانی دیکە لەم شێوە راگەیاندنەدا تەنها دەتوانن پەیوەندی راستەوخۆ بەو کەسەوە بکەن کە بە (حلقه وصل) دادەنرێت، واتە راگەیاندن لە نێوانیاندا تەنها لە ڕێگەی ئەو کەسەوە دەبێت.



٢- شێوازی دووەم (شێوەی بازنەیی):

لەم شێوازەدا هەر ئەندامێك پەیوەندی بە دوو ئەندامەوە دەکات، واتە هەر کەسێك (تاکێك) دەتوانێ تەنها پەیوەندییەکی راستەوخۆ بە دوو کەسەوە بکات، دەشتوانێ پەیوەندی بە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکەوە بکات لە ڕێگەی یەکێك لەوانەی کە راستەوخۆ پەیوەندییان پێوە دەکات.



٣- شێوازی سێیەم (شێوەی زنجیرەیی):

لەم شێوازەدا هەموو ئەندامەکان لەسەر یەك هێڵدان، بە جۆرێـك کـە کەسـیان ناتوانن راستەوخۆ پەیوەندی بە کەسێکی دیکەوە بکەن (وەك لە دەوربەردا)، یان بە دوو کەسەوە بکەن (وەکو لە ناوەڕستدا)، تەنها ئەگەر یەکێك لەو ئەندامانـەی کـە پێگەیەکی گرنگی هەبێت، تێبینـی ئـەوەش دەکـرێ کـە ئـەو کەسـەی دەکەوێتـە ناوەڕاستی زنجیرەکەوە دەسەڵاتێکی بەهێز و کاریگەرێتییەکی گەورەی دەبێ لە پلـە ناوەڕاستییەکەیدا.



٤- شیوازی چوارەم/ (شێوەی تێکچڕژاو — التشابك):

لەم شێوازەدا تێکڕای ئەندامان توانـای پەیوەنـدیکردنی راسـتەوخۆیان بـە هـەموو تاکەکانی دیکەوە بۆ دەڕەخسێت، بە واتە راگەیاندن لەم شێوازەدا بە هەموو لایـەنێك و ئاراستەیەکدا دەبێت، بەکارهێنانی ئەم شـێوازە دەبێتـە هـۆی خێراکـردن لـە پرۆسـەی راگەیاندنی زانیاری و کەمکردنەوەی لادان تیایدا.





## Models of Communication نموونەکانی راگەیاندن

دەتوانین پێناسەی نموونەکانی راگەیاندن بەمجۆرە بکەین: ( بەرهەمێکی فیکرییـە، هێشتا نەگەیشتۆتە ئاسـتی بـیردۆز -النظريـة). پـسپۆرانی راگەیانـدن بەمەبەسـتی هێنانەدی تێگەیشتنی زیاتر لە پرۆسەی راگەیاندن و دیاریکردنی مـەوداکانی و ئـەو لایەنانەی بەشداری تێدا دەکەن، چەندین نموونـەیان دانـاوە، لـەو نموونانـەی کـە لـەو بوارەدا داڕێژراون، دیارترینیان ئەمانەن:

١- نموونەی شانۆن ویڤەر:




٢- نموونەی هارۆلد لاسویل:

لاسویل توخمەکانی پرۆسەی راگەیاندن لە میانی وەڵامدانـەوەی ئـەم (٥) پێـنج پرسیارەوە دیاریدەکات:

١- کێ دەڵێ؟ (نێرەر)

٢- چی دەڵێ؟ (پەیام)

٣- بەکێ دەڵێ؟ (وەرگر)

٤- بە چ ئامراز و کەناڵێك؟ (کەناڵەکانی راگەیاندن)

٥- چ کاریگەرییەکی هەیە؟ (دەنگدانەوە)



٣- نموونەی ولبەر شرام:

ولبەر شرام نموونەکەی خۆی لەسەر بنچینەی هەر لایەنێکی پرۆسەی ڕاگەیاندن هەمان ڕۆڵی نێرەرو وەرگر یاریدەکات بەدوای یەکدا دارِشتوووە، بەو پێیەی کە وەرگر دوای کردنەوەی هێماکانی پەیامەکە و تێگەیشتنی، هەڵدەستێ بە شرۆڤە کردنەوەی باری سەرنجی خۆی و ناردنەوەی بۆ نێرەر، بەمەش لە وەرگرەوە دەبێتەوە نێرەر، یان هەڵدەستێ بە گواستنەوەی پەیامەکە بۆ کەسانیتر.




٤- نموونەی دیڤەر:

دیڤەر لە نموونەکەیدا لەوەوە هەنگاوی هەڵهێناوە کە سەرەتا نێرەر بیرۆکەیەک گەڵاڵە دەکات، پاشان ئەو بیرۆکەیە دەگۆڕێت بۆ هێما (وشە)، ئینجا لە ڕێگەی کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە دەیگوازێتەوە، کەچی وەرگر یەکەمجار پەیامەکە وەردەگرێ و دووەم هەنگاویش هێماکان لێکدەداتەوە، ئینجا ڕەفتارێک دەنوێنێت، جا چ لەگەڵ ئامانجی نێرەردا بگونجێ، یان بە پێچەوانەیەوە بێ.






٥- نموونەی شارلز:

شارلز لە نموونەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە: نێرەر پەیامەکەی بە هێمای زمانەوانی (وشە) یا هێمای دەنگی (قسە)، یاخود بە ئاماژە، یان جوولە دادەڕێژێ و لەلایەکی دیکەشەوە هەڵدەستێ بە نواندنی ڕۆڵی شیکردنەوە و لێکدەرەوەی هێماکان، واتە نێرەر دەبێتە وەرگر و هەروەها وەرگریش دەبێتە نێرەر.




٦- نموونەی کریستین کارلۆک:

کریستین لە نموونەکەیدا لەوەوە هەنگاو هەڵدەهێنێ کە هەر یەکێک لە نێرەرو وەرگر دوو خانەی (حقل)ی جیاوازیان لە ئەزموون هەیەو نێرەر پەیامەکەی بەپشتبەستن بە سەرچاوەی ئەزموونەکانی خۆی دادەڕێژێت و وەرگریش بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیەتی لە پەیامەکە تێدەگات لەنێوان هەردووکیشیاندا بوارێکی ئەزموونی هاوبەش هەیە کە هەردووکیان لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا بەشداری تێدا دەکەن.



# بەشی دووەم

## راگەیاندنی جەماوەری Mass Communication

### پێناسەکانی راگەیاندنی جەماوەری

### Difinitions of Mass Communication

د. هادی نەعمان ئەلهیتی بەمجۆرە پێناسەی راگەیاندنی جەماوەری دەکات:

- پرۆسەی گواستنەوەی واتاکانە لەرێگای ئامرازگەلێکەوە بۆ جەماوەرێکی فراوان لەیەك کاتدا، یان لە کاتی لێکتر نزیکدا.

دەشتوانین بەمجۆرە پێناسەی راگەیاندنی جەماوەری بکەین کە:

- پرۆسەی گواستنەوەی پەیامە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بە هۆی یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەرییەوە وەکو رۆژنامە و ئێزگە و تەلەفزیۆن.

مەبەستیش لە ناردنی پەیام لە رێگای ئەو ئامرازانەوە (هۆکارانەوە) گەیاندنییەتی بە جەماوەرێکی زۆر و فراوان کە ئەستەمە لە رێگەی راگەیاندنی کەسی و کۆمەڵی و وەسیتییەوە بیانگەیەنێ.



### خەسڵەتە باشەکانی راگەیاندنی جەماوەری

### Merits Of Mass Communication

١- فراوانی لە بڵاوکردنەوەیدا:

نێرەر دەتوانێ لە میانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەرییەوە لەگەڵ جەماوەرێکی فراوان بدوێ لە رووبەرێکی جوگرافی بەریندا کە سنووری تاکە وڵاتێك، یان زۆرجار سنووری چەندین وڵاتیش تێبپەڕێنێت.

٢- خێرایی:

راگەیاندنی جەماوەری توانای دواندنی جەماوەری بە خێراییەکی زۆر هەیە، بەتایبەتیش لە رێگای ئێزگە و تەلەفزیۆنەوە. دەشتوانین بڵێین راگەیاندنی (هەنووکەیی) — خێرا و دەمودەست - دوای سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای مانگی دەستکرد لە خەسڵەتە باشەکانی ئەو دەزگایە (ئێزگە و تەلەفزیۆن) دادەنرێت.

٣- بەکارهێنانی چڕو زۆر:

واتە تەکنەلۆژیای نوێ و پێشکەوتووی راگەیاندن دەرفەتێکی وای بۆ راگەیاندن رەخساندووە کە بگاتە (٢٤) کاتژمێر، واتە بە درێژایی شەو و رۆژ.

٤- نزمی رێژەی تێچووی (کلفە)ی:

بەهۆی تەکنەلۆژیاوە راگەیاندنی جەماوەری هێندەی خەرجی تێناچێ، چونکە دەتوانرێ رۆژنامەیەك بە (٢٥٠) دینار بکڕدرێت و ئامێرێکی رادیۆش بە چەند هەزار دینارێك و تەلەفزیۆنێکیش بە چەند سەد هەزارێك.

٥- هونەرکاری لە پێشکەشکردنی پەیامدا:

بەهەمان شێوە تەکنەلۆژیای هاوچەرخ دەرفەتی هونەرکاری لە توانستی پێشکەشکردنی پەیام گەیاندندا فەراهەم کردووە، بۆ نموونە: بەکارهێنانی وێنەو کاریکاتێر لە رۆژنامە و مۆسیقا و دەنگی بێژەر لە ئێزگە و تەلەفزیۆن کاریگەرێتی پەیامەکەیان زیاتر کردووە.

## تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری

## Characteristic of Mass Communication

١- جەماوەری پەیام وەرگر لە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا، وەرگرێکی زۆروزەبەند و جۆراوجۆر و هەمەچەشنەن لە رووی توانست و ئاستی زانیاری و تەمەن و جیاوازیی ئارەزوو و ئاراستە و بیروبۆچوون و زەوقیاندا.

٢- نێرەر راستەوخۆ ئەو جەماوەرە نابینێ، بەڵکو راستەوخۆ بیروبۆچوون و ئاستی رۆشنبیرییان دەزانێ.

٣- دەنگدانەوە – Feed Back –ی پەیامەکە لە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا سست دەبێت بەبەراورد لەگەڵ ڕاگەیاندنی کەسێتی و کۆمەڵیدا.

٤- لە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا گواستنەوەی زانیاری تاکلایەنەیە، واتە لە نێرەرەوە بۆ وەرگرە.

٥- لە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا پەیامی نێردراو ئاشکرا و گشتییە، دەگاتە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ گوێبیستی بن، یان بیخوێننەوە، یاخود ببینن.

٦- لە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا پەیامی نێردراو سەرپێییە و هێندە نابات کۆتایی دێت، بەتایبەتی لە ئێزگە و تەلەفزیۆندا.

٧- لە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا پرۆسەی ئامادەکردن و گواستنەوەی پەیام تواناییەکی دارایی زۆری دەوێت.

٨- لە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا سەرچاوەکانی پەیام دامەزراوەکانی رۆژنامە و وێستگەکانی ئێزگە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنن.

٩- ڕاگەیاندنی جەماوەری پرۆسەیەکی ڕێکوپێك و بەرنامەداڕێژراوە و پەیامەکانیشی پێشتر ئامادەکراون، کە لەلایەن ژمارەیەك پسپۆڕی ڕاگەیاندنەوە ئامادە دەکرێن.



١٠- ڕاگەیاندنی جەماوەری لە گواستنەوەی پەیامەکانیدا پشت بە توانستی تەکنیکی دەبەستێ، بۆ نموونە رۆژنامە و گۆڤار پێویستییان بە چاپخانە و کاغەز و کۆمپیوتەر هەیە، بۆ دیزاینکردنی -نەخشەسازی- لاپەڕەکانی، هەروەها ئێزگە و تەلەفزیۆنیش پێویستییان بە ئامێری پێشکەوتوو هەیە بۆ پەخشکردنی بەرنامەکانیان.

## کەموکوورییەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری

## Defects of Mass Communication

١- نزمی ئاستی کاریگەرێتی:

پسپۆڕ و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن پێیانوایە ڕاگەیاندنی کەسێتی و کۆمەڵی کە (رووبەڕوو ئەنجامدەدرێت) کاریگەرێتییان زیاترە لە ڕاگەیاندنی جەماوەری، ئەوەش بە هۆی توخمی رووبەڕوو بوونەوە، کەوا دەکات کاریگەرێتی پەیام زیاتر بێت.

٢- واژەواژ (تشويش) Jamming:

واژەواژ (تشويش) بە گەورەترین کەموکووڕی ڕاگەیاندنی جەماوەری دادەنرێت، مەبەستیش لە واژەواژ تێکڕای ئەو هەلومەرج و کاریگەرێتییانەن کە دەبنە هۆی ڕێگری، یان تێنەگیشتنی پەیامەکە لای وەرگر. بۆ نموونە دەنگەدەنگ و واژەوژای زۆر وا لە خوێنەر دەکات کە رۆژنامەیەك نەخوێنێتەوە، کە ئەمەش بە واژەواژ دادەنرێت، هەروەها وا لە بینەر و گوێگر (جەماوەر)یش دەکات کە سوودیان لێوەرنەگرێت.

٣-هەستکردن بە گشتگیری:

جەماوەری ئامراز و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری هەست بەوە دەکەن کە پەیامەکە گشتگیرە و تەنها تایبەت نییە بەوەوە، بەڵکو ئاراستەی ملیۆنان وەرگری وەك ئەو کراوە کە بەشداری لە وەرگرتنیدا دەکەن.

٤- لاوازی دەنگدانەوەکەی:

دەنگدانەوە Feed Back لە راگەیاندنی جەماوەریدا کزو لاوازە، چونکە بەدەگمەن نەبێ، ئەگینا خوێنەری رۆژنامەیەك رای خۆی بۆ رۆژنامەکە، یان بۆ نووسەری بابەتێك کە لە رۆژنامەکەدا بڵاوکرابێتەوە نانێرێ، هەروەها بۆ ئەو ئێزگەیەی کە گوێی لێدەگرێت، یان بۆ ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەی کە تەماشای بەرنامەکانی دەکات.

## ئەرکەکانی راگەیاندنی جەماوەری

## Functions of Mass Communication

١- ئەرکی هەواڵی (دەنگوباس):

ئەم ئەرکە رووداوە جۆراوجۆرە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و زانستییەکان دەگەیەنێتە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری. ئامراز و هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەریی بیستراو و بینراویش لەم سەردەمی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیایەی ئێستایدا ململانێ لەسەر بەخێرایی گواستنەوەی ئەو رووداوانە و گەیاندنیان بە جەماوەر دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی بەردەوامبوونیان لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندن و مسۆگەرکردنی وەرگرتنی پەیامەکانیان.

ئەرکی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری بە سێ کردار (پرۆسە) دیاریدەکرێت:

أ- کۆکردنەوەی زانیارییەکان:

دامەزراوەکانی راگەیاندن زانیاری لەسەر ئەو رووداوانە کۆ دەکەنەوە کە روو دەدەن، یان هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی زانیاری لە میانی سازدانی چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە، یان راپرسی و.....تاد.

ب- چارەسەرکردنی زانیارییەکان:



دامەزراوەکانی راگەیاندن دوای کۆکردنەوەی رووداوەکان هەڵدەستن بەچارەسەرکردنیان، ئەویش بە دارشتنەوەی ئەو هەواڵ و راپۆرت و راپرسی و لێکۆڵینەوە رۆژنامەگەرییانەی کە دەستیان دەکەوێت و هەڵبژاردنی باشترینیان بۆ بڵاوکردنەوە.

ج- دابەشکردنەوەی زانیارییەکان:

ئەم پرۆسەیەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانییانەوە، یان ژێنگە راگەیاندنەکانیانەوە کۆکراونەتەوە و وەدەستهێنراون بۆ خوێنەر و گوێگر (بیسەر) و بینەر بڵاو بکرێنەوە، ئەوەش لە رێگای هونەرەکانی رۆژنامەگەرییەوە (کە راوبۆچوون و زانیارییان تێدایە) لە رۆژنامە و گۆڤارەکان و بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی ئێزگە و تەلەفزیۆن (کە ئەویش زانیاری و راوبۆچوونی تێدایە) لە ئامرازەکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراودا.

٢- ئەرکی رۆشنبیرکردن:

ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری لەم ئەرکەدا هەڵدەستن بە رۆشنبیرکردنی جەماوەر لە رێگەی پێشکەشکردنی پەیامگەلێکەوە کە توانای ئەوەی تێدا بێت، ئاستی رۆشنبیری جەماوەر بەرز بکاتەوە، هەر ئامرازێکیش لە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا بە پێی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی، رۆڵی خۆی دیاریدەکات.

٣- ئەرکی خۆشبژێنی (الترفيهيه)و کات بەسەر بردن:

ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری ئەرکی خۆشبژێنی و چێژبەخشینی خۆیان بە جەماوەر پیادە دەکەن، لە میانی پێشکەشکردنی پەیامگەلێکەوە کە تیایدا چێژ و خۆشی بە جەماوەر دەبەخشێ و دەیانباتە کەشێکی خۆش و گەپئامێز (المرح)ییەوە، هەر ئامرازێکی راگەیاندنی جەماوەریش لە چێژ بەخشین و خۆشی خستنە ناخی جەماوەرەوە جیاوازن، بەپێی بینینی ئاستی رۆڵی خۆیان و ئەو توانایەی هەیانە، بۆ نموونە: لەکاتێکدا کە تەلەفزیۆن بەرنامەی گەپئامێز و کات بەسەربردن

پێشکەشدەکات، لە رۆژنامە و گۆڤارەکانیش لاپەڕەی تایبەت بۆ بابەتی کات بەسەربردن و خۆشبژێنی دیاریدەکەن.

## پێداویستی و هەنگاوەکانی راگەیاندنی جەماوەری

## Requirements of Mass Communication

سەرەڕای ئەو ئالۆزییەی کە پرۆسەی راگەیاندن بەخۆوەی دەبینێ و وێڕای ئەو بنەما و هەنگاوانەی کە هەیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رێگەی نەخشە و بەرنامەڕێژی بۆ هێنانەدی کاریگەرێتی زیاتر لە میانی کۆمەڵێك بنەماوە سەرچاوە دەگرێ کە دەتوانین گرنگترینیان دیاری بکەین (بخەینەڕوو):

١- دیاریکردنی ئامانج:

هەر پرۆسەیەکی راگەیاندن ئامانجێکی بنچینەیی و هەندێکی دیکەی لاوەکیش لەخۆدەگرێت، دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی هەر پرۆسەیەکی راگەیاندن پێویستییەکی بنچینەییە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، لەبەرئەوەی وا لە نێرەر دەکات کە هەنگاوی یەکەم نەخشەرێژییەکی دروستبکات بۆ پرۆسەی راگەیاندن، لەوانەیە ئامانجی بنچینەیی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە هەواڵێك، یان گەیاندنی کۆمەڵە ئەزموونێك، یاخود گۆڕینی ئاراستەیەك، یا نەریتێکی دیاریکراو، یاخود بە درۆخستنەوەی واتەوات و پروپاگەندەیەك بێت، چونکە دیاریکردنی ئامانج یارمەتی هەڵبژاردنێکی راستودروستی ئامرازێك و دانان و داڕشتنی پەیامێك بە شێوەیەکی گونجاو دەدات.

٢- دەستنیشانکردنی جەماوەر:

واتە دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە پەیامی راگەیاندن دەیانگرێتەوە، لەبەرئەوەی شێوە و ناوەڕۆکی پەیام پابەندی ژمارەیەکی زۆری رەچاوکردنی رۆشنبیری و دەروونی جەماوەرە، چونکە تاکەکان پەیام وەردەگرن و هێماکانیش شرۆڤە و شیدەکەنەوە، جا یان وەکو بەهێزکردنی وێنەیەکی هزری بەکاریدێنن، یاخود بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی شڵەژاندنی، یان هێنانەکایەی وێنەیەکی هزری نوێ لەسەر لایەنێکی دیاریکراو کە



بەلای وەرگرەوە نادیار بێت. جا کاتێك ئەو وێنەیە هاوشێوە دەبێ لەگەڵ ئەوەی لە هزری وەرگردایە، ئەوەش واتە بیروبڕوای نێرەر لەگەڵ بیروڕای وەرگردا چوونیەك و گونجاوە، بەڵام ئەگەر نەگونجاو بوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە هاودژی و نەگونجانێك لەنێوان ئاراستەکانی نێرەر و وەرگردا هەیە. ئەمەش ئەوە بەسەر ئەو لایەنەدا دەسەپێنێ کە بە پرۆسەی راگەیاندن هەڵدەستێ، ئاگاداری ئەو جەماوەرە بێت و پەیوەندی بەخۆی و ئاستی رۆشنبیریشی هەبێ و متمانەیشیان لەنێواندا هەبێت.

٣- هەڵبژاردنی ئامرازێکی لەبار و گونجاو:

هەر پەیامێکی راگەیاندن کە لە رێگەی ئامرازێك لە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەرییەوە دەنێردرێ و بەو زانیاری و بیروبۆچوون و هونەرکارییانەی کە تێیدایە، هەر هەمووی بەرهەمی ئەزموونی نێرەرن، یان بریتین لەو زانیاری و راوبۆچوونانەی کە وەریگرتوون. گەیاندنی ناوەڕۆکی ئەو پەیامەش ناگاتە وەرگر، ئەگەر لە رێگەی ئامرازێك لە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەرییەوە نەبێت. هەر بۆیە نێرەر ئەو ئەزموون و بیرۆکە و زانیاریانەی هەیەتی لە شێوەی هێما دایدەڕێژێ، جا چ هێمای نووسراو بێ، یان بیستراو، تاکو وەرگر توانای وەرگرتن و لێکدانەوە و تێگەیشتنی پەیامەکەی هەبێت و هەڵوێستێکی لەبارەوە وەربگرێت، جا چ رەزامەندی لەسەر بدات و بیخاتە سەر خەرمانی زانیارییەکانی خۆی، یان پەسەندی نەکات و رەتیبکاتەوە. هەر ئامرازێکی راگەیاندنی جەماوەریش کۆمەڵێك خەسڵەتی باش و خراپیان هەیە هەر ئامرازێکیشیان شێواز و توانای خۆی هەیە لە دواندنی جەماوەردا.

٤- دیاریکردنی هەلومەرجی گونجاو (لەبار):

بۆ دابینکردنی هێنانەدی راگەیاندنێکی جەماوەریی کاریگەر، زۆر پێویستە بارودۆخی وەرگر رەچاو بکرێت، ئەمەش رەچاوکردنی کاتی گونجاو و باری دەروونی جەماوەریش دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو هەلومەرجانە کاریگەرییان لەسەر

ئامادەباشی وەرگردا دەبێ بۆ وەرگرتنی پەیامێك چ بە چاکی، یان خەراپی، هەروەها ئامادەباشی بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکی پەیامەکە.

٥- هەڵسەنگاندنی کاریگەریێتی ڕاگەیاندن:

توێژینەوەی کاریگەریێتی ڕاگەیاندنی جەماوەری لەسەر جەماوەر بەشێکی دانەبڕاوە لەکاری ڕاگەیاندن، هەر بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری ماوە ماوە لە ڕێگەی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕای گشتییەوە ئەنجامی پەیامەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ، تا ئەو هەڵە و تەگەرە و کەموکووڕییانەی کە دەبنە هۆی کۆسپ درووستکردن لەبەردەم پرۆسەی ڕاگەیاندندا هەستپێبکات و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

## فاکتەرەکانی تێگەیشتنی وەرگر لە پەیامی ڕاگەیاندن

## Agents of Understanding Receiver to the message

١- زمانی هاوبەش:

واتە تێگەیشتن لەو زمانەی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت لەلایەن نێرەر و وەرگرەوە.

٢- ڕوونی و سادەیی:

لە پێناو تێگەیشتنی زیاتر لە پەیام، دەبێ پەیامەکە ڕەوان و سادە بێت و بەرێکوپێکیش داڕێژرابێت، بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری سادە و ڕەوانترین ئاستی زمان بەکاردەهێنێت لە پێناو دواندنی جەماوەرەکەی و مسۆگەرکردنی تێگەیشتنێکی زیاتری پەیام لەلایەن جەماوەرەوە.

٣- بوونی کات:

واتە وەرگر کاتێکی تەواوی بەدەستەوە بێت بۆ وەرگرتنی ئەو پەیامەی کە نێرەر دەینێرێ، چونکە ئەگەر وەرگر بیەوێ ڕۆژنامەیەك بخوێنێتەوە، یان گوێ لە ئێزگەیەك



بگرێت، یاخود تەماشای کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بکات و کاتی تەواوی بەدەستەوە نەبێت، ئەوە هەرگیز نابێت.

## هۆکارەکانی مسۆگەرکردنی کاریگەریێتیی پەیام

١- وردەکاری پەیام:

واتە وردەکاری لە داڕشتنی پەیامەکە بکرێت لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەی گونجاو و لەبار کە بە ئاسانی لەدڵ و دەروونی وەرگردا شوێنی خۆی بکاتەوە.

٢- پەیامەکە بێ هەڵە بێت:

واتە ڕەچاوکردنی بنەماکانی ڕێزمان و ڕێنووسی دروست لەکاتی داڕشتنی پەیامدا، بۆ ئەوەی وەرگر بە ئاسانی توانای کردنەوە و تێگەیشتنی هێماکانی هەبێت.

٣- هەڵبژادرنی ئامرازی لەبارو گونجاو:

واتە پەیامەکە لە میانی ئامرازێکی ڕاگەیاندنی گونجاوەوە بنێردرێت، بۆ نموونە گۆرانی و فیلم لە تەلەفزیۆنەوە پیشاندەدرێن و چیرۆك و هۆنراوەیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاودەکرێنەوە.

٤- هەڵبژاردنی جەماوەری لەبار و گونجاو:

چەندین دابەشکاری هەیە بۆ جەماوەر، چونکە لەڕووی تەمەنەوە چەندین جۆری جەماوەرمان هەیە، هەروەها لەڕووی ڕەگەزەوە (نێرومێ)، لەڕووی ئاستی کۆمەڵایەتییشەوە چەندین جۆر هەن، بۆیە پێویستە ئەوەی بەکاری ڕاگەیاندن هەڵدەستێ، جەماوەرێکی گونجاو هەڵبژێرێ بۆ بابەتی پەیامەکەی، چونکە کارێکی نەشیاوە ئەگەر پەیامێکی ڕۆشنبیری ئاستبەرز ئاراستەی توێژی منداڵان بکرێت، بەهۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیرییان کەوایان لێدەکات لە پەیامەکە تێنەگەن.

٥- نابێ پەیام درێژ بێت:

لەبەرئەوەی پەیامی درێژ جەماوەر بێزار دەکات، شارەزایانی بواری گەیاندن دەڵێن پێویستە پەیام چڕ و کورت و پوخت بێت و بیرۆکەیەکی لەخۆ گرتبێت.

## ناوەڕۆکی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری

## Contents of Mass Communication

١- ناوەڕۆکی لاواز:

مەبەست لەو ناوەڕۆکەیە کە ژمارەیەکی زۆری جەماوەری وەرگر وەریدەگرن و بەبەردەوامیش مایەی ڕقوکینی پسپۆڕانی راگەیاندنە، لەوانەش: فیلمی توندوتیژی و شەڕانگێزانە کە لە تەلەفزیۆندا نمایشدەکرێت و هانی توندوتیژی دەدات، هەروەها فیلمی سێکسی ئابڕووبەرو ئەو فیلمە کارتۆنیانەی کە تاوانکاری پیشاندەدەن و......هیتریش، لەو ناوەڕۆکانەن کە دەبنە هۆی دابەزاندنی چێژی گشتی (الذوق العام).

٢- ناوەڕۆکێك کە مشتومڕ نەورووژێنێت:

مەبەست لەو ناوەڕۆکەی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەرییە کە بە شێوەیەکی فراوان بڵاودەکرێنەوە و جەماوەرێکی زۆری وەرگر وەریاندەگرن و بە دەگمەنیش نەبێ شارەزایانی راگەیاندن قسەی لەسەر ناکەن، چونکە بابەتگەلێکیان تێدا نییە بۆ گفتوگۆ و مشتومڕ وەکو راپۆرتی کەشناسی.

٣- ناوەڕۆکی بەبڕشت (ئاستبەرز):

ئەم ناوەڕۆکە کەمتر بڵاو دەکرێتەوە، شارەزایانی راگەیاندن وا هەستدەکەن کە باشترین ناوەڕۆکە، چونکە بەشداری لە بەرزکردنەوەی ئاستی چێژوەرگرتنی گشتی جەماوەری وەرگر دەکات و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی رەوشتی و رۆشنبیرییان، لەو جۆرە ناوەڕکانەش: مۆسیقای رەسەن و گۆڤاری تایبەتمەندی راستگۆ و بەرنامەی رامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئامانجدار و وتاری زانستیانە.



## ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری Mass Media

١- پەرتوك (کتاب) Book:

یۆنسکۆ ساڵی ١٩٦٤ پەرتووکی بەمجۆرە پێناسە کردووە بەوەی کە: (چاپکراوێکی بەردەوام نییە، ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٩ لاپەڕە کەمتر نەبێت، جگە لە لاپەڕەکانی بەرگەکەی)، هەروەها پێناسەی بڵاوکراوەیشی بەمجۆرە کردووە: (چاپکراوێکی بەردەوام نییە، ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٥) پێنج لاپەڕە کەمتر نابێت و لە (٤٨)لاپەڕەش زیاتر نابێت، جگە لە لاپەڕەکانی بەرگەکەی نەبێت).



دوای داهێنانی چاپخانە لە ساڵی ١٤٤٥ لەلایەن (یوحنا گۆتنبەرگ — Gutenberg) لەشاری (ماینز)ی ئەڵمانی، کتێب بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆوە. یەکەم پەرتووك کە لە چاپخانەکەیدا چاپیکرد پەرتووکی پیرۆز (ئنجیل) بوو لە ساڵی ١٤٥٠، پێش ئەوە هێشتا پەرتووك بە دەستخەت لەلایەن (بەدەستنووسەکان— الناسخ)ەوە دەنووسرایەوە و چەندین دانەیان لەسەر پەرتووکێك بە دەستخەت دەنووسییەوە، بۆیە نرخی پەرتووك هێندە گران بوو، تەنها دەوڵەمەندەکان توانای کڕینیان هەبوو.

ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە چاپخانەیان تێچوو لە زێدەبووندا بوون، لەسەرەتاوە ئەو کرێکارانەی شارەزاییان لە بواری چاپخانەدا پەیداکرد لە ئەڵمانیاوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەستیان بە کۆچکردن کرد، بەتایبەتیش بۆ ئیتالیا، کە بازاڕێکی رەواجداری پەرتووك بوو. لەسەرەتای سەدەی (١٦) شانزەهەمدا چاپخانە گەیشتە وڵاتانی زەوییە نزمەکان (الاراضي الواطئة) وەکو هۆڵەنداو بەلجیك، لەوێوەش بۆ بەریتانیا. ئیتالیا و فەرەنسا زیاتر بایەخیان بە چاپکردنی پەرتووکی ئاینی و کلاسیکی دا، کەچی ئینگلیزەکان پەرتووکی نووسەرەکانی خۆیان وەکو (تشۆسەر) چاپدەکرد. هەر لەگەڵ

کۆتایی هاتنی سەدەی شازدەهەمیشدا چاپخانە لەسەرانسەری وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبۆوە، هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپخانە لە ئەوروپا کردنەوەی قوتابخانە و پرۆسەی فێرکردنیش دەستیپێکرد و رۆژنامە و گۆڤارییش بڵاوکرانەوە. پەرەسەندنی چاپخانەیش بە چەندین قۆناغدا تێپەڕی وەکو داهێنانی چاپی خولاو (الروتاتیف)، دواتریش دۆزینەوە و داهێنانی رێگەی کۆکردنەوەی پیتی کانزایی (لینۆتایپ و مۆنۆتایپ)، بەدوای ئەوەشدا چاپی ئەلیکترۆنی و ئینجا چاپی لیزەریش هات.

ئەمڕۆکەش لە وڵاتانی جیهاندا، ساڵانە بەدەیان هەزار پەرتووکی جۆراوجۆر لە بوارە جیاجیاکانی زانستی و رۆشنبیری و وێژەیی و راگەیاندن و رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و....تاد، بەهۆی پەرەسەندنی چاپخانە و داهێنانی چاپخانەی هاوچەرخەوە بڵاودەکرێنەوە. هەروەها دیاردەی کتێبی ئەلیکترۆنیش سەری هەڵداوە کە دەتوانین بابەتەکانی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بخوێنینەوە لە رێگەی ئینتەرنێتیشەوە بیگوازینەوە.

## ٢- رۆژنامە* Newspaper:




رۆژنامە بەوە پێناسەکراوە کە (بڵاوکراوەیەکی بەردەوامە بەهۆی ئامێرێکی چاپکردن و بەکارهێنانی هونەرەکانی رۆژنامەگەرییەوە: هەواڵ، راپۆرت، چاوپێکەوتن، لێکۆڵینەوە، راپرسی، وتار، سەروتارو ستوون) دەردەچێت. رۆژنامەش بەگوێرەی چاخ و سەردەمەکان کۆنە و رۆژنامەی جارانیش بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو کە دەیبینین، بەڵام بە دڵنیاییەوە مەبەستی خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانە دەگەیاند کە بەلای خەڵکییەوە بایەخدار بوون.



مێژووی بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروڕا و یاسا و رێساکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلییەکان، کە تاتی قوریان بەکاردەهێنا بۆ تۆمارکردنی گرنگترین رووداوە رۆژانەییەکانی ئەو سەردەمە، بۆ ناساندنیان بە خەڵکی. لە چینیشدا بەدرێژایی (١٥٠٠) ساڵ جارنامەیەك بەناوی (ئیمپراتۆرییەتی رۆژ)ەوە دەردەچوو بۆ ناساندن و گەیاندنی هەواڵ و یاساکان و جارنامە گرنگەکان بە هاووڵاتییان .

---

* دەتوانین ئاراستەکانی رۆژنامە بۆ (٣) سێ جۆر دابەشبکەین:

١- رۆژنامەی پابەند و مولتەزیم:

ئەو رۆژنامانە دەگرێتەوە کە بەناوی حیزب، یان کۆمەڵێك، یاخود ئایین و مەزهەبێك دەردەچێت و بە شێوەیەکی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بانگەواز بۆ ئەو باوەڕە، یان بیرۆکەی ئەو حیزبە دەکات، بابەتەکانیشی خەسڵەتی تایبەتمەندی لایەنگیرییان تێدایە و داکۆکی لە بیروباوەڕی لایەنەکە دەکات.

٢- رۆژنامەی سەربەخۆ:

ئەو رۆژنامەیەیە کە سەر بە هیچ حیزب و کۆمەڵێك نییە، بەڵکو هەوڵی گواستنەوە و گەیاندنی راستییەکان دەدات وەکو خۆی، وێڕای تێرکردنی خواست و ئارەزووەکانی خوێنەر و وەڵامدانەوەی ئارەزووە ئاساییی و رەواکانی و بەخشینی کاتی خۆش پێی و پێشکەشکردن و گەیاندنی رۆشنبیری پێی.

٣- رۆژنامەی فەرمی:

ئەو رۆژنامەیەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەردەچێ، بۆ شرۆڤە کردنی بۆچوون و هەڵوێستەکانی لە تێکڕای بوارە جیاجیاکاندا و خزمەتکردنی بەرژەوەندییە کارگێڕییەکانی. لەم جۆرە رۆژنامەیەش (٣) سێ جۆری رۆژنامەی فەرمی هەیە:

أ- رۆژنامەی ناوخۆ (خۆجێیی):

بەڵام لە رۆما یاسا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی پیران و گرێبەست و حوکمەکانی دادگا و ئەو رووداوە گرنگانەی کە لەسەر خاکی ئیمپراتۆرییەتەکە روویاندەدا، لەبڵاوکراوەیەکدا بڵاودەکرایەوە بەناوی (ئەکتادیورنا) تا بگاتە گەل، ئەمەش لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی یۆلیۆس قەیسەر بوو، کەچی دوای رووخانی رۆما و هەتا سەدەی پانزەهەم وەستا. بەڵام ئەو بڵاوکراوانە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار نەدەگەیشتنە ئاستی رۆژنامەی ئاسایی لەو سەردەمەدا، لەوانە: دەرنەچوونیان بە شێوەیەکی رێکوپێك و ئامرازێکی راگەیاندنی جەماوەریش نەبوو، تا بگاتە تێکڕای جەماوەری گەل، هەروەها دەستەی نووسەرانیشی نەبوو.

دوای داهێنانی چاپخانە لە ساڵی ١٤٤٥ لەلایەن گۆتنەبەرگەوە، چەندین تەقەلا درا بۆ دەرکردنی پەخشنامەی کاغەزی یەك لاپەڕەیی بۆ پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و یاسا و جاڕنامەکان. یەکەم پەخشنامەش بە چاپخانە لە بەرشلۆنە بوو لە

---

ئەو رۆژنامەیەیە کە لەناوخۆی وڵاتەکەدا دابەشدەکرێن و ژمارەی دەگاتە (١٠) هەزار دانە و بڵاوکردنەوەکەیشی بە جۆرێکە کە بە فراوانی دەگاتە خوێنەر.

ب- رۆژنامەی نەتەوایەتی:

ئەو رۆژنامایەی کە لە یەکێك لە وڵاتەکان دەردەچێ و لە وڵاتانی دیکەدا بڵاودەکرێتەوە کە گەلانی ئەو وڵاتە بە هەمان زمانی رۆژنامەکە دەئاخڤن، وەکو ئەو رۆژنامانەی لە بەریتانیا دەردەچن و لەو وڵاتانەدا بڵاودەکرێنەوە کە بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن.

ج- رۆژنامە نێودەوڵەتییەکان:

ئەو رۆژنامانەن کە بە شێوەیەکی نێودەوڵەتی چاپ و بڵاودەکرێنەوە و لاپەڕەکانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیزاین دەکرێن و نەخشەسازییان بۆ دەکرێ، بەڵام لە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای باشوور بڵاودەکرێنەوە، هەندێ جاریش بە چەندین زمان چاپ و بڵاودەکرێنەوە.



نیسانی ساڵی ١٤٩٣. لەسەدەکانی (١٦و١٧)یش دەیان پەرتووکی هەواڵی ( News Books) بڵاوکرانەوە. ئەوانەش بریتی بوون لە نامیلکەی چاپکراو بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و هۆنراوە و لە تەنها لاپەڕەیەك پێکدەهات و بەزۆری لە ئەوروپا بڵاودەکرایەوە و کەمتریش لە وڵاتە کۆلۆنیالکراوە (مستعمرات)ە نوێیەکانی ئەوروپا لە ئەمریکادا بڵاو دەکرایەوە. ژمارەیەکی زۆری مێژوونووسان پێیان وایە کە پەخشنامە کاغەزییەکان و ئەوانەی بەدەستخەت دەنووسران بۆ یەکەم جار لە سەدەی شانزەهەم و لە شاری بوندقییەی ئیتالیا سەریهەڵدا. ئەم پەخشنامانەش بە (Avisi)ی ناسرابوون و لە ساڵی ١٥٦٦ هەفتانە بڵاودەکرانەوە. هەروەها پەخشنامەیەکیش لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٦٠٩ لە شاری ستراسبۆرگ بەناوی (Furnemmen) پەیدابوو کە یۆهان کارلۆس چاپی کرد. کەچی ئەو پەخشنامە چاپکراوانە بە خێرایی لە ئەوروپادا بڵاوبوونەوە. ئەو پەخشنامانە لە فرانکفۆرت و  ڤییەننا لە ساڵی ١٦١٥ سەریانهەڵداو لە هامبۆرگیش لە ساڵی ١٦١٦و لە بەرلینیش لە ساڵی ١٦١٧و لە ئەمستردام لە ساڵی ١٦١٨ سەریانهەڵدا. تا حاڵ گەیشتە ئەوەی بەرپرسێکی ئینگلیزی ناچاربێ کە سکاڵانامەیەك پێشکەشبکات و تیایدا سکاڵای ئەوە بکات کە وڵاتەکەی لەو جۆرە پەخشنامانە بێبەشە. هەر بۆیە یەکەم پەخشنامە لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٦٢١ بەناوی (ئۆکرانتس Occurents) بە شێوەیەکی هەفتانە چاپدەکرا. دوای ئەوەش فەرەنسا یەکەم پەخشنامەی لە ساڵی ١٦٣١دا بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٦٤٥یش دەستیدایە بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆژنامەی چاپکراو، ئەمەش کاتێك ئەو هەوڵانە بە شێوەیەکی رێکوپێك و بەردەوام تیایدا چاپ و بڵاودەکرانەوە. ئینجا توانرا باس لە رۆژنامە بکرێت بە واتا راستەقینەکەی، ئەمەش لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم و لە سەدەکانی (١٧و١٨)یش رۆژنامەی رێکوپێك لە ئەوروپا و ئەمریکا دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد و خەڵکانێکی پیشەوەر پەیدابوون کە پیشەیان کاری رۆژنامەگەری بێت.

ساڵی ١٥٠٢ لە ئەڵمانیا رۆژنامەی (نیوز اتنغ) چاپ و بڵاوکرایەوە و لە ساڵی ١٦١٦یش یەکەم رۆژنامە لە بەلجیکا و دوای چوار ساڵیش لە هۆڵەندا لە ساڵی ١٦٢٠و لە ساڵی ١٦٣١یش یەکەم رۆژنامە لە فەرەنسا چاپ و بڵاوکرایەوە. مێژووی یەکەم رۆژنامەی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ رۆژنامەی (Courant Daily)ی رۆژانەی ئینگلیزی کە یەکەم رۆژنامەی رۆژانە بوو لە جیهاندا بڵاوبکرێتەوە و بنەماکانی رۆژنامەی هاوچەرخی تێدا بێت و ئەویش لە لەندەن و لە ساڵی ١٧٠٢ بوو. بەڵام رۆژنامەی (تایمز) لەساڵی ١٨٧٥ دامەزرا کە سەرەتا بەناوی (دەیلی یونیڤر سال ریجستر) دەرچوو. لە ساڵی ١٨٠٥ رۆژنامەی (کۆرێر Courier)و لە ساڵی ١٨١٤یش ئامێری چاپی هەڵمی بۆ چاپکردنی رۆژنامەی تایمزی لەندەنی بەکارهێنرا.

**ئەو خەسڵەتانەی کە لە رۆژنامەدا هەن:**

١- توانای پاراستنی زانیارییەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر هەیە، دواتریش دەکرێ وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری سوودیان لێوەربگیرێ.

٢- خوێنەر دەتوانێ لەکاتی گونجاودا رۆژنامە بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی زانیاری و راوبۆچوونەکانی ناو رۆژنامەکەی لەدەست بچێت.

٣- دەتوانرێ رۆژنامە تایبەتمەند بکرێ، بە بوارێکەوە بە پێی جۆری جەماوەر، بۆ رۆژنامەی رامیاری و ئابووری و وەرزشی و هونەری و.........تاد.

٤- رۆژنامە پێویستی زۆری بە هاوکاری جەماوەرەکەی هەیە، بە رادەیەك کە لە بەشداریکردنی جەماوەری ئامرازەکانی راگەیاندنی بیستراو و بینراو زیاترە، لەبەرئەوەی رۆژنامە لە رێگەی بێژەرەکانیەوە ناگاتە جەماوەر وەکو رادیۆ، یان لە تەلەفزیۆن نایبینی، هەر بۆیە رۆژنامە وا لە خوێنەرەکانی دەخوازێ کە بەدوایدا بگەڕێن و چاودێری کاتوساتی دەرچوونی بکەن.

٥- رۆژنامە بە بێژە و وشە و دەربڕینە سەرنجراکێش و شێوازی قەشەنگ و رێکوپێك و سادە و رەوانییەکەیەوە ناسراوە، بە جۆرێك کە هەر کەسێکی خوێندەوار دەتوانێت لە وشەکانی تێبگات، هەروەها ئامانج و مەبەستەکانیشی روون و ئاشکران، چونکە وشە و پەیڤی چاپکراو پێویستی بەو روونی و رەوانییە هەیە.



**هۆکارەکانی سەرکەوتنی رۆژنامە:**

١- ناوەڕۆك:

مەبەست لە ناوەڕۆك ئەو بابەتە زانیاری و راوبۆچوونە جۆراوجۆرانەیە کە لە رۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوە و بە شێوازێك لە شێوازەکانی (هونەرەکانی رۆژنامەگەری*) داڕێژراون بە پێی قالبی هونەری کە رۆژنامەنووس لەکاتی دارشتنی ئەو بابەتانەدا ئەو هونەرانە لەبەرچاو دەگرێت. شارەزا و پسپۆڕانی راگەیاندن بەوە ئامۆژگاری رۆژنامەنووسان دەکەن کە لەکاتی بەکارهێنانی هونەرەکانی رۆژنامەگەریدا رەچاوی دەستپاکی و وردبینی لە کارەکەیاندا بکەن و بە زمانێکی دروست و چێژدار و سادە و رەوان دایبڕێژنەوە.

٢- شێوە Form:

مەبەست لە دیمەن و شێوەی دەرەوەی رۆژنامەکەیە کە راستەوخۆ دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر و جەماوەر هەر لەیەکەم ساتی بینینیەوە بۆچوونێکی لەسەری لەلا گەڵاڵە دەبێت، چەندین هۆکاریش هەن کە لە شێوازی رۆژنامەدا بەکاردەهێنرێن، لەوانەش: نەخشەسازی و دەرهێنانی رۆژنامەگەری و رەنگ و وێنە و.......تاد.

٣- دابەشکردن:

بە شێوەیەکی گشتی رۆژنامە لەو شارەی کە رۆژنامەکەی لێدەردەچێ و لە شارەکانی دیکەشدا بڵاودەکرێتەوە، بەڵام لە شارە دوورەکان و وڵاتانیتردا رۆژنامە گەورەکان پشت بە ناردنی لاپەڕەکانی دەبەستێ بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە رێگای مانگە دەسکردەکانەوە بۆ چاپخانەکان و تا لەوێ جارێکیتر چاپ و بڵاوبکرێنەوە.

* مەبەست لە هونەرەکانی رۆژنامەگەری: ئەو بابەتە رۆژنامەوانیانەن کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە، وەکو: هەواڵی رۆژنامەگەری و راپۆرتی رۆژنامەگەری و چاوپێکەوتنی رۆژنامەگەری و راپرسیی رۆژنامەگەری و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری (ریپۆرتاژ)و وتاری رۆژنامەگەری و سەروتار و ستوونی رۆژنامەگەری.

**دیاردەکانی سەرکەوتنی رۆژنامە:**

١- زوو تەواوبوونی لە بازاڕ.

٢- ململانێ کردنی دامەزراوەکانی ریکلام لەسەری.

٣- ئاماژەکردنی خوێنەر بۆ بابەتەکانی و گەواهیدان لەسەر بە پێزی و گرنگی بابەتەکانی.

### ٣- گۆڤار Magezine:




ئەنسکلۆپیدیای رۆشنبیری بەمجۆرە پێناسەی گۆڤار دەکات کە: (چاپکراوێکی بەردەوامی رێکوپێکی وێنەدارە، یان بێ وێنەیەو بابەتی هەمەرەنگ لەخۆ دەگرێت).

سەرەتاکانی پەیدابوون و سەرهەڵدانی گۆڤار دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، چونکە ئەو کاتە بڵاوکەرە ئینگلیزەکان جۆرە پەرتووکێکیان بڵاو دەکردەوە کە بابەتی جۆراوجۆری تێدا بوو، یەکێك لەو پەرتووکانەش ناوی (مێژووی کاری فێرخوازەکان) بوو. ئەم پەرتووکەش بە نۆبەرەی سەرەتاکانی گۆڤار دادەنرێ لە ساڵی ١٦٩٩دا، بەڵام بۆ یەکەمجار گۆڤار لە شاری بوندقییەی ئیتالی لە ساڵی ١٥٦٢دا سەریهەڵدا و پەیدا بوو.

گۆڤاریش شانبەشانی رۆژنامە بەهۆی پەرەسەندنی چاپخانە و دەرکەوتنی جۆری نوێی کاغەزەوە پەرەیسەند، هەرچەندە گۆڤار جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ رۆژنامەدا هەیە چ لەرووی ناوەڕۆکەو چ لە رووی شێوەشەوە، چونکە گۆڤار بەرەو تایبەتمەندییەکی ورد ئاراستە کرا، سەرەڕای ئەوەی کە بە لاپەڕەی رەنگاورەنگ و جوان و قەشەنگ و بابەتی هەمەرەنگی زیندوو و بزوێنەرەوە بە شێوەیەکی هەفتانە، یان نیو مانگانە، یاخود مانگانە و وەرزییانە دەردەچێت و بڵاودەکرێتەوە.



**ئەو خەسڵەتانەی کە تایبەتن بە گۆڤارەوە:**

١- گەلێجار بابەتەکانی گۆڤار بایەخ بە رووداوی سەرنجراکێش و ورووژێنەر و سادە دەدات و بە لێکۆڵینەوەوە پێشکەشیدەکات، ئەوەش لەبەرئەوەی کە هەواڵە تازە و خێراکان لە رۆژنامەی رۆژانە و هەندێجاریش چاپی ئێوارانی رۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوە، کەچی لەوانەیە گۆڤار هەفتانە، یان مانگانە دەربچێت.

٢- کۆمپانیاکانی ریکلام و پروپاگەندە زیاتر ریکلامەکانیان لە گۆڤاردا بڵاودەکەنەوە، بەهۆی کاغەزە بتەو و لووس و باش و رەنگاورەنگەکانییەوە.

٣- بەزۆری هەر گۆڤارێك تایبەتمەندی لە بابەتێکی رامیاری، یا ئابووری، یاخود هونەری، یان وەرزشی وەردەگرێت.

**دیاردەکانی سەرکەوتنی گۆڤار:**

١- زوو کڕینی لە بازاڕ.

٢- ململانێکردن و هاموشۆکردنی زۆری کۆمپانیاکانی ریکلام لەسەری.

٣- ئاماژەدانی خوێنەر بەوەی تیایدا بڵاودەکرێتەوە و گەواهیدان لەسەر بەپێزی بابەتەکانی.

٤- ئێزگە Broad Casting:



دامەزراندنی ئێزگە و سەرهەڵدانی بەهۆی سەرکەوتنی هەوڵ و تەقەلای ژمارەیەك زاناوە هاتەکایەوە، لەوانەش (سامویل مۆرس) کە ساڵی ١٨٣٧ تەلەگرافی داهێنا و ڕێگەی نووسینی بە (نوقتەیی) دۆزییەوە.

دوای ئەوەی هێڵی تەلەگراف لەنێوان ئەمەریکا و ئەوروپا ئەنجامدرا، جگە لەوەش گراهام بێڵ لە ساڵی ١٨٧٦ تەلەفۆنی بۆ گواستنەوەی دەنگی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەتەلدا داهێنا. جیمس ماکسویل James Maxuel یش کە لە ساڵی ١٨١٥ گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە شەپۆلی کەهرۆموگناتیسی هەیە و دەتوانرێ لەڕێگای (با)وە بە خێرایی ڕووناکی بگوازرێتەوە. دوای ئەوانیش زانای ئەڵمانی هنریك هیرتز Henric Hertz توانی ئەو شەپۆلانە بەرهەم بهێنێت و درێژی و خێرایشییان پێوانە بکات، دواتریش هەر خۆی شەپۆلی کورتی لە ساڵی ١٨٨٨دا دۆزییەوە. داهێنەری ئیتالیش جوجلیمۆ مارکۆنی Jugliemo Marcon سوودی لەو شەپۆلانە وەرگرت، کاتێك سەلماندی کە دەتوانرێ ئاماژەی کەهرۆموگناتیسی لە میانی ئاسمانەوە بنێردرێت، ئەمەش لەساڵی ١٨٩٦ بوو، ئەم داهێنانەیشی لە بەریتانیا تۆمار کرد، دوای ئەوەی لە ئیتالیا پشتگوێ خرا.

مارکۆنی لە ناردن و وەرگرتنی ئاماژە لەدووری چەندین کیلۆمەتر بەبێ بەکارهێنانی تەل سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش بە سەرەتای پەخشی ئێزگە دادەنرێ. هەروەها لە ساڵی ١٩٩١دا توانی ئاماژە لەنێوان کیشوەری ئەوروپا و ئەمریکای باکوور بگوازێتەوە، بەڵام گواستنەوەی دەنگی مرۆڤ دواکەوت بۆ ئەو کاتەی کە سێر جۆن فلەمینگ Sir Jon Fleming لە ساڵی ١٩٠٤دا سەمامی کارەبایی داهێنا کە ئەویش بەشێکە لە ئامێرەکانی پەخشی ئێزگەیی و ئامێری ڕادیۆ.



بەڵام ئێزگە تا ساڵی ١٩٢٠ نەبووە دیاردەیەکی ڕاستەقینە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەیەکەم وڵات دادەنرێ کە تاقیکردنەوەکانی خۆی لەو بوارەدا بەکارهێنا، دوای ئەویش بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، وێستگەی (KDKA) کە خاوەنەکەی کۆمپانیای Westing house لە ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکی بە یەکەم وێستگەی ئێزگەی بازرگانی دادەنرێت کە لە (٢/١١/١٩٢٠)دا دامەزرا و بەرنامەکانی خۆی بۆ گوێگرانی دوای بڵاوبوونەوەی ئامێری پێشوازی (ڕادیۆ)، پەخشکرد.

**ئەرکەکانی ئێزگە:**

١- بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و بیروڕاکان بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر، بە جۆرێك کە (هەنووکەیی) تێدا بەرجەستە بکرێ و بەیەکێك لە ئاکارە باشەکانی دابنرێ کە مەبەست لێی گواستنەوەی بیروڕاو زانیاری و ڕووداوەکانە لەساتەوەختی ڕوودانیاندا.

٢- بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.

٣- چارەسەرکردنی کێشە و ئارێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێن.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی چێژ و زەوق وەرگرتن لای تاکەکانی کۆمەڵگا، واتە بە گوێگرتنی بەردەوام لە بەرنامەکانی ئێزگە، گوێگر وای لێدێت کە حەز لە گوێگرتنی بەرنامەی دیاریکراو بکات، وەکو بەرنامەی ڕامیاری، ڕۆشنبیری، هونەری.

٥- نزیکخستنەوەی بۆچوونی گەلان و کۆمەڵگاکان لەیەکتری.

٦- هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەڕووی ڕامیارییەوە، وەکو ناساندنی زاراوەکانی دەستوور، یاخود سیستەمی هەڵبژاردن، یان شێوەی سیستەمی دەسەڵات.

**دیاردەکانی سەرکەوتنی ئێزگە:**

١- گوێگرتنی جەماوەرێکی زۆر لێی.

٢- ململانێکردن و هاموشۆکردنی زۆری کۆمپانیاکانی ریکلام بۆی.

٣- ئاماژەکردنی گوێگران بۆ ئەو بەرنامانەی کە پەخشیان دەکات و گەواهیدان لەسەر بە پێزی برگە و بابەتەکانی.

**٥- تەلەفزیۆن** Television*:



تەلەفزیۆن ئامێرێکی راگەیاندنی ئەلیکترۆنییە بۆ پەخشکردن و وەرگرتنی دەنگ و وێنەی جوولاو لە دوورەوە. تاقیکردنەوەی زانایان بۆ داهێنانی تەلەفزیۆن لە بیستەکانی سەدەی رابردوو (سەدەی بیستەم)ەوە، لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیپێکرد، کە دیاریترینیان دکتۆر ڤلادیمێر زوریکین Vladimir zworkin بوو کە لە رووسیاوە کۆچی کرد بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە یارمەتی کۆمپانیای (وستنجهاوس) توانی (ئیکۆنۆسۆپ) واتە چاوی کامێرای تەلەفزیۆنی دابهێنێ. هەروەها زانایەکیتر ناوی (فیلۆ فارتزورس)بوو توانی کامێرای تەلەفزیۆنی پەرەپێبدات. جگە لەوانیش (ئەلین دۆمۆنت)ی زاناش توانی یەکەم ئامێری وەرگری تەلەفزیۆنی دابهێنێت.

جۆن لۆجی بەیرد John Logie Baird لە لەندەن ساڵی ١٩٢٤ توانی یەکەم سیستمی تەلەفزیۆنی بخاتەڕوو کە ناوی نا (Analog)، ئامێرێکی نیمچە میکانیکی بوو، یەکەم پەخشی حکومیش بۆ مەودایەکی دوور لە واشنتۆنەوە بۆ نیۆیۆرك لە ١٩٢٧/٧/٧دا بوو. ئەو وێنەیەی ئەو کاتە پەخشکرا وێنەی وەزیری بازرگانی ئەو کاتە (هیربەرت هۆڤەر) بوو. یەکەم سیستمی تەلەفزیۆنی ئەلیکترۆنیش کە بەتەواوی

* وشەی تەلەفزیۆن Television لە زمانی ئینگلیزیدا لە دوو برگە پێکدێت: (Tele) واتە لەدوورەوە، (vision ) واتە بینین، بەمەش واتای وشەی تەلەفزیۆن دەکاتە بینین لە دوورەوە.



خرایە روو لەلایەن تایلۆر فارنزوۆرس فایلۆ(Taylor Farnsworth Philo) بوو لە پایزی ساڵی ١٩٢٧. یەکەم وێستگەی تەلەفزیۆنیش کە کرایەوە لە (سکنکتادی) نیۆیۆرك بوو لە ١٩٢٨/٣/١١. کەچی تۆڕی NBC یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنی رێکوپێکی لە ساڵی ١٩٣٥دا پەخشکرد.

تەلەفزیۆن بە گرنگترین ئەو دەسکەوت و دەرهاویشتە تەکنەلۆژیایە دادەنرێت کە لە بواری راگەیاندنی جەماوەرییەوە پێگەیەکی تایبەتی لەنێوان ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەریدا کردۆتەوە. تەلەفزیۆن دوو سیمای سەرەکی لەخۆدەگرێ کە ئەوانیش دەنگ و وێنەن، جا ئەگەر ئێزگە تەنها هەستی بیستن بدوێنێ و رۆژنامە و گۆڤاریش هەستی بینین، کەچی تەلەفزیۆن لە یەك کاتدا هەستی بیستن و بینین دەدوێنێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە زیاترین کاریگەرێتی لەسەر سەرنج راکێشان و ورياکردنەوەی جەماوەری هەیە لە رێگەی دواندنی ئەو دوو هەستەی مرۆڤدا لە یەك کاتدا.

**لایەنە باشەکانی تەلەفزیۆن**

١- هەردوو هەستی بینین و بیستن دەدوێنێ.

٢- خێرایی لە گواستنەوەی زانیاری و بیرورا و هەواڵ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیکی مانگە دەسکردەکانەوە.

٣- توانای چەند جارەکردنی کاریگەرێتی لە رێگەی بەکارهێنانی ئەو کاریگەرێتییانەی کار لە خستنەڕووی وێنە دەکەن وەکو گەورە و بچووك کردنی وێنە و مۆسیقا و جووڵاندن.

٤- گۆڕینی بۆ هۆیەکی سەرەکی خۆشبژێنی و کاتبەسەربردن لە میانی پێشکەشکردنی فیلم و زنجیرەی تەمسیلیو گۆرانی و فیلمی کارتۆن و بەرنامەی کاتبەسەربردن.

**دیاردەکانی سەرکەوتنی تەلەفزیۆن:**

١- تەماشاکردنی زۆری بینەران بۆی.

٢- - ململانێکردن و هاموشۆکردنی زۆری کۆمپانیاکانی ریکلام بۆی.

٣- ئاماژەکردنی بینەران بۆ ئەو شتانەی لێیەوە پیشاندەدرێن و گەواهیدان لەسەر بەپێزی و سوودبەخشییان.

**٦- سینەما** Cenema:

چاکەی داهێنانی سینەما دەگەڕێتەوە بۆ زانای فەرەنسی (لویس لۆمێر). لۆمێر سەرەتا دەستی بە دروستکردنی سینەما لەگەڵ فۆتۆگراف کرد، توانی یەکەم نمایشی سینەماتۆگرافی (سینەمای بێدەنگ) لە ١٨٩٥/١٢/٢٨دا لە یەکێ لە قاوەخانەکانی شەقامی (کابرسین)ی پاریس پێشکەشبکات، کە هێندەی نەخایاند ئەم داهێنانە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا بڵاوبۆوە و ئامێری پیشاندانی سینەماییش پەرەیان پێدرا، هەروەها سینەمای بە قسەیش لە ساڵی ١٩٢٧دا پەیدا بوو و یەکەم فیلمی رەنگاوڕەنگیش لە ساڵی ١٩٢٩دا وێنەگیرا.

هەرچەندە تۆماس ئەدیسۆن گەیشتە گرێدانی تەکنەلۆژی کە وایکرد سینەما ببێتە شتێکی ئاسایی، بەڵام سەدانیتر لە سەرانسەری جیهاندا بەشدارییان لە هێنانەدی ئەو ئامانجەدا کرد. هەر لە کارگەی ئەدیسۆنیش کامیرای سینەمایی‌و ئامێری نمایشی سینەماییش دەرهێنران.

ساڵی ١٨٩٥ لە پاریس دامەزراوەیەك بەناوی (سینەماتۆگراف) کرایەوە و رێگەی بە میوانەکانی دەدا کە بەیەك فرانك بچنە هۆڵەکەوە بۆ بینینی چەند کورتە فیلمێك.



**قۆناغەکانی پەسەندکردنی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری لای خەڵکی**

**Stages of Exposure to Mass Media**

١- قۆناغی یەکەم: سەرنجدان لە ئامرازەکان بەو خەسڵەتەی کە گەمەیەکی سەرنج راکێشە، ئەمەش رۆژنامە و گۆڤار و ئیزگە و تەلەفزیۆن لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانیانەوە دەگرێتەوە، کە چۆن جەماوەر بە سەرسوڕمانەوە سەرنجیاندەدانێ.

٢- قۆناغی دووەم: بایەخدان بە کاریگەرێتی ئامراز، واتە کاریگەرێتی لەسەر جەماوەرو هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی کارا لە کاریگەرێتی بۆ سەر وەرگرەکان.

٣- قوناغی سێیەم: پێشکەوتنی هونەریی ئامراز، واتە تێپەڕاندنی رەخنەی ئاراستەکراو بۆی و بەدەستهێنانی رەوایەتی بۆی.

٤- قۆناغی چوارەم: ئاوێتەبوون لەگەڵ ئامرازەکە، واتە بەکارهێنانی ئامرازەکە لەلایەن جەماوەرەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، بەجۆرێك کە دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانیدا.

## کۆسپەکانی بەردەم ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری

## Exposure to Obstacle of Mass Communication

١- پلەی دابینکردنی ئامراز:

لە تایبەتمەندییەکانی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری ئەوەیە کە بخرێتە بەردەستی جەماوەر، هەروەکو دەریشکەوتووە کە جەماوەر بەزۆری رێگەیەکی ئاسان هەڵدەبژێرێت بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری، بۆ نموونە روو لە خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤار دەکەن و گوێ لە ئیزگە دەگرن و تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن و روو لەو کەناڵانە دەکەن کە بۆیان پەخشدەکرێت. بەڵام ئەو خەڵکانەی کە لە ناوچە دوورەدەستەکانی باشووری ئەفریقیا دەژین و کارەبایان ناگاتێ و رادیۆ و تەلەفزیۆنیشیان نییە، ناتوانین ئەوانە بە جەماوەر (وەرگر)ی ئامرازەکانی راگەیاندنی

جەماوەری دابنێین، هەر کاتێکیش کارەبایان بۆ دابینکراو بوونە خاوەنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و گوێیان لێگرت و تەماشایانکرد، ئەو کاتە دەبنە جەماوەری ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری.

٢- دەستکورتی لە کارامەیی راگەیاندنی جەماوەریدا:

لەگەڵ ئەوەی کە بەکارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەری یەکێکە، لە چالاکییە ئاسانەکان، کەچی پێویستی بە چەندین لایەنی کارامەیی هەیە کە گرنگترینیان: دەستەبەتاڵ بوون چ بۆ خوێندنەوەی رۆژنامە یان گۆڤار، یاخود گوێگرتن لە ئیزگەیەك، یان تەماشاکردنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و کردنەوە و تێگەیشتنی وەرگر لە هێمای ئەوەی دەیخوێنێتەوە، یا گوێی لێدەبێ، یاخود دەیبینێ.

٣- جیاوازی زمان:

جیاوازی زمان بە یەکێك لە کۆسپەکانی بەردەم ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری دادەنرێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتنی وەرگر لە پەیامی نێرەر بەهۆی نەتوانینی کردنەوەی هێما زمانەوانییەکان کە بیرۆکەی ئەو پەیامەیان پێدارێژراوە کە بۆ وەرگر گواستراوەتەوە.

## کاریگەرێتیی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری

## Effects of Mass Communication

١- کاریگەرێتی لەسەر ئاستی زانیاری وەرگرتن (استیعاب):

زانیاری لە ئەنجامی کارلێککردنی ناوەڕۆکی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری لەگەڵ ئەزموونی کەسێتیدا پەیدا دەبێت، هەر بۆیە ئەم ئامرازانە بەشداری لە گواستنەوەی ئەزموونەکان بۆ تاکەکان دەکەن، جا چ ئەزموونێکی دروستکراو بێت لە رێگەی فیلم و زنجیرە درامییەکانەوە، یان راستەقینەکان لە رێگەی بەرنامەی تایبەت بەهەر ئەزموونێکەوە و بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەکرابێ. ئەم ئەزموونانە زانیاری و



بۆچوونی تاکەکان لەسەر زانیاری جۆراوجۆرێتر زیاددەکات و وایان لێدەکات کە جۆرە ژیانی دیکە وەربگرن و زیاتر و باشتریش لێی تێبگەن.

٢- بەرهەمهێنانی واقیع و پێکهێنانی رای گشتی:

زۆرجار ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی واقعێکی دیاریکراو لە جیاتی واقیعە راستەقینەکە و بە (واقعی جێگرەوە)ش ناسراوە، بەمەبەستی کاریگەرێتی بۆ پێکهێنانی رای گشتی، ئەمەش هەر کاتێك ئەو ئامرازانە بیانەوێ.

مەبەستیش لە بەرهەمهێنانی واقیع، وێناکردنی بوارەکانی ژیان و پێشکەشکردنیانە بۆ جەماوەر بەو پێیەی کە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری پێشکەشیان دەکات. بەمەش رایەکی گشتی بە پێی ئەو شێوەیە و چۆنیەتی پێشکەشکردنی لەلایەن ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەرییەوە پێکدێت. هەر یەکێکیش لەو ئامرازانە لایەنێکی دیاریکراو دەشارێتەوە و لایەنێکیتر کە خۆی مەبەستی بێ دەردەخا بەمەبەستی رەواجدان و پروپاگەندە و واتەواتدا.

٣- دانانی ئەجێندە (رێکخستنی پێشینەیی):

ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری، کۆمەڵێك بابەت دەستنیشاندەکەن، کە جێگای بایەخی جەماوەر بێت، بە پێی مەودای ئەو بایەخ پێدانەی جەماوەریش، زانیاری و راوبۆچوون دەبەخشنە رای گشتی.

٤- کارتێکردنەسەر نەریت و گۆڕینی ئاراستەکان:

تۆژینەوە زانستییەکانی بواری لێتۆژینەوەی زانستی راگەیاندن کۆکن لەسەر ئەو بۆچوونەی کە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری کاریگەرێتییان هەیە بۆ سەر بەهاو دابونەریت و زانیارییەکانی ئەو جەماوەرەی کە ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنن، کارتێکردنی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری کاریگەرێتییان زیاتر دەبێت بە زیادبوونی کاتی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە، واتە هەرچەند جەماوەرەکە (وەرگر) ماوەی زیاتر ئەو ئامرازانە بەکاربهێنێت، ئەوەندە کاریگەرێتییان زیاتر دەبێت، واتە

پەیوەندییەکی (گردی) لەنێوان کاریگەرێتی و زێدەبوونی بەکارهێنان و ئەو ئامرازانەدا هەیە.

٥- گۆڕینی رەفتار:

ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە لە بوارەکانی دەروونزانیدا ئەنجامدراون جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری بەشداری لە گۆڕینی رەفتاری جەماوەردا دەکەن، بەڵام ئەو گۆڕانە پێویستی بە بەشداریکردن و ئامادەباشی جەماوەر هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکە بێتەدی، سەرەڕای هۆکاریتری دەروونی و کۆمەڵایەتی کە پەیوەستن بە کۆمەڵگاو ئەو ژینگەیەی کە جەماوەرەکەی تێدا دەژی.



## جیاوازی لە نێوان رۆژنامە و ئێزگە و تەلەفزیۆندا

Difference among Newspaper and Radio and TV

| ز | رۆژنامەو گۆڤار | ئێزگە | تەلەفزیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | پێویستی بە ئاستێکی باشی خوێندن و فێربوونەوە هەیە | پێویستی بە ئاستێکی بەرزی فێربوونەوە نییە. | پێویستی بە ئاستێکی باشی فێربوونەوە نییە. |
| ٢ | پێویستی بە تەکنیککاری سادە هەیە. | پێویستی بە تەکنیککاری ئاڵۆز هەیە. | پێویستی بە تەکنیککاری زۆر ئاڵۆز هەیە. |
| ٣ | پێویستی بە دەستبەتاڵییەکی تەواو هەیە بۆ خوێندنەوە. | پێویستی بە دەست بەتاڵبوونێکی تەواو نییە بۆ گوێگرتن لە بەرنامەکانی. | پێویستی بە دەست بەتاڵبوونێکی تەواو نییە بۆ تەماشاکردنی بەرنامەکانی. |
| ٤ | بۆ چارەسەرکردنی بابەتی ئاڵۆز بەکەڵك دێت. | بەلای شێوازی چارەسەرکردنی راستەوخۆدا دەچێت. | بۆچارەسەرکردنی بابەتی درێژ دەشێت. |
| ٥ | وشەی نووسراو بنچینەی سەرەکییە تیایدا. | وشەی بیستراو بنچینەی یەکەمین و سەرەکییە تیایدا. | وێنە بە بنچینەی یەکەم و وشەی بیستراویش بە بنچینەی دووەم دێت |
| ٦ | گەڕانەوە بۆ دووبارە خوێندنەوەی ئاسانە | بەهەمان ئاسانکاری ناتوانرێ بگەڕێتەوە بۆ گوێگرتن لێی. | ناتوانرێ بەهەمان ئاسانکاری بگەڕێتەوە بۆ دووبارە تەماشاکردنی هەمان بەرنامە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | هۆیـــەکی ســـستە لەبڵاوکردنەوەدا | لـــە خێراتـــرین ئامرازەکـــــانی بڵاوکردنەوەیە | لـــە ئامرازەکـــانی بڵاوبوونەوەی خێرایە |
| ٨ | نرخی کڕینەکەی هەرزانە لەلایەن خوێنەرەوە | نرخەکەی مامناوەندییە لە کڕینی ئامێری رادیۆ لە لایەن گوێگرانەوە | نرخەکەی گرانە لە کڕینـی لەلایەن بینەرانەوە |



# نموونەکانی راگەیاندنی جەماوەری Communication Models

## نموونەی مالتزك:



مالتزك لە نموونەکەیدا لە پرۆسەی راگەیاندنی جەماوەریدا، ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا نێرەر رۆڵێك دەبینێ لە دانان و دارِشتنی ناوەڕۆکی پەیامەکەی لە (کۆد)و ئینجا ناردنی بۆ وەرگر، کردنەوەی کۆدەکە لەلایەن وەرگرەوە، ئەویش لە چوارچێوەی پرۆسەیەك کە دەتوانین لە میانی ئەم خاڵانەی خوارەوە سەرنجیان بدەینێ:

١- نێرەر Sender:

ئەو کەسەیە کە ناوەڕۆکی بیرۆکەکەی بە کۆد دەکات، واتە دارِشتنی بیرۆکەکەی بە وشە و رستە و ناردنی بۆ وەرگر تا هەستێك لەسەر بیرۆکەکەی لا دروستبکات، پرۆسەی گواستنەوەکەش بە پێی ئەو توانا لێکچوو، یان جیاوازەی نێوان بیرۆکەی نێردراو لەلایەن نێرەرەوە و پێکهاتنی ئەو بیرۆکەیەی کە لای وەرگر دروستدەبێ، بەڵام پێویستە بەجۆرێك لە نێرەر بروانین کە:

أ- وێنەیەکی هزری سەبارەت بەو ژینگەیەی لێیدەژیت لەسەر ژیانی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە تیایدا دەژیت، بۆیە لە هزریدا بۆچوونێکی تەواو لەسەر ژینگەی دەوروبەری خۆیدا لا گەڵاڵە دەبێت، ناشکرێ وا هەستبکەین کە رۆژنامەنووس (اعلامی) شتێکی ئەوتۆ لەسەر بارودۆخی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی لەو ولاتەی کە تیایدا دەژیت نەزانێت.

ب- بونیادی کەسێتی نێرەر لە رووی بۆچوون و ئاراستە دەروونییەکانی و ئارەزوو و دابونەریت و باوەڕ و چەند لایەنێکی ئاکاری کەسێتییەوە.

ج- ئەندامی دامەزراوێکی راگەیاندنە، واتە نێرەر بە یەکێك لە ئەندامی دامەزراوەکانی راگەیاندن دادەنرێت، جا چ رۆژنامەنووس بێت، یان پێشکەشکاری بەرنامەیەك بێت، یاخود نووسیار (محرر) ئیدیتۆری ئێزگە، یا تەلەفزیۆن بێت. هەر لەگەڵ ئەویشدا کۆمەڵێك ئەندامی کاراتر هەن کە لە دامەزراوەکە کار دەکەن و لەوانەیە لەڕووی ئاراستە و بۆچوونیاندا جیاوازییان لەگەڵیدا هەبێت.

د- ئەندامێکی کۆمەڵگایە: پێویستە هەلومەرجی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و دابونەریتە باوەکانی رەچاو بکات و بەپێی توانا کێشە و ئاریشە بەربڵاوەکانی



کۆمەڵگاکەی بخاتەڕوو و تیشکیان بخاتەسەر، بە جۆرێك کە ببێتە ئاوێنەیەکی باڵانومای ئەو کێشانە و رێگاچارەی گونجاویشیان بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها وا لە حکوومەتیش بکات کە پێشنیار و چارەسەرییەکان لەبەرچاو بگرێت. لەم خاڵەشدا دەبێ بە جۆرێك چاو لە نێرەر بکرێت کە رەچاوی سنووری رێپێدراوی کۆمەڵگا دەکات. هەربۆیە جیاوازییەکی یەکجار فراوانی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری لە کۆمەڵگای رۆژئاوادا دەبینین کە وێنەی رووتی کچان پیشاندەدات و لایان ئاساییە، بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەوجۆرە وێنەیە لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و خۆپارێزەکاندا لە کارو رەفتارە بەدرِەوشتییەکانی کۆمەڵگا دادەنرێت.

هـ- کۆت یا ئەو فشارانەی کاری راگەیاندن کە دەکرێنە سەر نێرەر، چونکە هەموو دامەزراوێکی راگەیاندن بەرنامەی کاری دیاریکراوی راگەیاندنی خۆی هەیەو وا لە کارمەندانی دەزگاکە دەخوازێ کە پابەندبن پێیەوە و لە چوارچێوەی سیاسەتەکەیدا دەرنەچن، لەبەرئەوەی هەر رۆژنامەنووسێك کاتێ لە رۆژنامەیەکدا دەستبەکار دەبێت، بەر لە هەر شتێك سیاسەتی رۆژنامەکە و ئەو ئاستە فێردەبێت کە لە کاری رۆژنامەنووسییەکەیدا لەو دەزگایە رێگەی پێدەدرێت.

ئەمە سەبارەت بە هەلومەرجی ژینگەی نێرەرەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نێرەر پابەندە بەوەی کە بیرۆکەی پەیامەکەی بەکۆد بکات، واتە گۆڕینی بیرۆکەکەی بۆ هێمای نووسراو (رۆژنامە و گۆڤار)و گۆڕینیشی بۆ هێمای نووسراو و پاشانیش بۆ بیستراو لە (ئێزگەو تەلەفزیۆن)دا، ئەمەش لەسەر لێزانی و کارامەیی لە بواری راگەیاندندا وەستاوە کە رۆژنامەنووس لە ساڵانی خوێندنی لە یەکێ لە کۆلێژە، یان پەیمانگاکانی راگەیاندن فێری بووە. بۆیە پێویستە لەسەر رۆژنامەنووس کە رەچاوی ئەو چوارچێوانە بکات کە لە نووسین و دارِشتنی هەواڵ، یا راپۆرتدا بەکاریان دێنێت، یاخود مەرجەکانی نووسینی ستوون، یا وتاری رۆژنامەنووسی و...تاد، رەچاو بکات، هەروەها تووشی چەندین فشارو پاڵەپەستۆی جۆراوجۆر دەبێتەوە لەلایەن ئەو ئامرازەی کە بەکاریدێنێت، بۆیە بۆ نموونە دەبێ واز لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و

راپۆرتانە بهێنێت کە بەکارهاتوون، هەروەها دوورکەوتنەوە لە نووسینی وتاری دووروودرێژ کە خوێنەر تووشی بێزاری دەکات و وەلانانی نووسینی لێکۆڵینەوەی ساردوسڕ و وەڕسکەر. هەرهەموو ئەمانە لەپێناو وەدەستهێنانی رەزامەندی جەماوەر (وەرگرەکان)و پاراستنی درێژەدان بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازە راگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکات. نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کەوا نێرەر وێنەیەکی دیاریکراوی لەسەر ئەو وەرگرەی کە پەیامەکەی وەردەگرێ لە هزریدا جێگیربووە. بۆ نموونە ئەو رۆژنامەنووسەی کە لە رۆژنامەگەری منداڵاندا کاردەکات وێنەیەك لە هزریدا سەبارەت بە ئارەزوو و خواستەکانی منداڵ گەڵاڵە بووە. منداڵیش هەر بە سروشتی خۆی حەز لەو نەخش و نیگارە رەنگا و رەنگانە دەکات کە بەدەست کێشراون. جگە لە وێنەی ئاژەڵ و شێوەی نامۆ و غەریب و چیرۆکی ئەفسانەیی و...تاد.

٢- پەیام Message:

پەیام لە رۆژنامە، یا گۆڤاردا بریتییە لە : هەواڵ و راپۆرت و چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە (ریپۆرتاژ)و ستوون و سەروتار و وتاری رۆژنامەگەری و راپرسی، بەڵام لە ئیزگەدا بریتییە لە: هەواڵ، راپۆرت، چاوپێکەوتن، گۆرانی و مۆسیقا و بەرنامە. لە تەلەفزیۆنیشدا بریتییە لە فیلم و فیلمی کارتۆنی و بەرنامە و مۆسیقا و هەواڵ و راپۆرت و چاوپێکەوتن و گۆرانی و....تاد.

٣- ئامراز Channel:

ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری زۆر و هەمەچەشنەن، بۆ نموونە چاپکراو وەکو رۆژنامە و گۆڤار و هەندێکیتر کەلەگەڵ گوێدا دەدوێن وەکو (ئیزگە)، یان لەگەڵ گوێ و چاودا دەدوێن وەکو: (تەلەفزیۆن)، هەر یەکێکیش لەم ئامرازانەی سەرەوە خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە ناکرێ لە رۆژنامە و گۆڤار و ئیزگەدا فیلم پیشانبدرێ، هەروەها بینەر ناتوانێ ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەی کە پێشکەشکراون دووبارە بکاتەوە، تەنها مەگەر تۆمار کرابن، ئەمە بۆ بەرنامەکانی رادیۆش هەروایە،



کەچی خوێنەر دەتوانێ رۆژنامە و گۆڤارێك بپارێزێ و دواتر چەندینجار بابەتەکانی ناوی بخوێنێتەوە.

٥- وەرگر Receiver:

ئەو کەسەیە کە پەیامەکەی نێرەری دەگاتێ و بریتییە لە خوێنەری رۆژنامە و گۆڤار و گوێگری ئیزگە و بینەری تەلەفزیۆن، هەر خۆیشی بەم کارانە هەڵدەستێ:

أ- هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پەیامەکە:

واتە وەرگر ئازاد و سەربەستە لە هەڵبژاردن و خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی کە دەیەوێ بیخوێنێتەوە، یان گوێی لێبگرێت، یاخود بیبینێت، بۆ نموونە وەرگر سەربەستە لە خوێندنەوەی هەر رۆژنامە و گۆڤار و هەر بابەتێك تیایاندا، هەروەها سەربەستیشە لە گوێگرتن لەو ئیزگەیەی کە دەیەوێ گوێی لێبگرێ، یان تەماشاکردنی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەی کە ئارەزووی بینینی دەکات، ئەمەش لە ویست و ئارەزووی وەرگرەوە سەرچاوە دەگرێت.

ب- کەوتنەبەر کۆت و فشاری ئامراز:

سەرەڕای ئەوەی کە وەرگر ئازادە لە هەڵبژاردنی هەر ئامرازێك بۆ بەکارهێنانی، کەچی گەلێجار ناتوانێ بەو بابەتەوە پابەند بێ کە حەزی لێدەکات و دەیەوێ بیزانێ، لەبەرئەوەی بەرنامەکانی ئیزگەو تەلەفزیۆن بەردەوامەو وەرگر ناتوانێت لەکاتی دیاریکراودا تەماشای ئەو برگەیە بکات کە مەبەستێتی و دەیەوێ، چونکە لەوانەیە بکەوێتە ژێر فشاری ئامرازەکەوە، بۆ نموونە ناتوانێت تەماشای زنجیرەیەکی تەمسیلی بکات لەکاتی بەیانیاندا، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا ناچارە بۆ سەرکارەکەی بڕوات.

ج- وەرگر دەکەوێتە بەر کاریگەرێتی ئامرازەکە:

پسپۆڕ و شارازایانی راگەیاندن سەبارەت بەم لایەنە دەڵێن: ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری، دەتوانێ کاریگەریی بۆ سەر وەرگرەکان هەبێت و سەرنجیان رابکێشێت و ئاراستە و ئارەزوویان بگۆڕێت بە جۆرێك کە لەگەڵ خواست و ئارەزووی نێرەردا بگونجێت.

د- وەرگر وێنەیەکی هزری لەسەر ئامرازەکە هەیە:

بۆ نموونە وەرگر دەزانێ کە رۆژنامەی (س) سەربەخۆیە و رۆژنامەی (ص) هەواڵ و دەنگ و باسی وەزارەتەکان و دامودەزگاکان بڵاودەکاتەوە و رۆژنامەی (م)یش سەربە حزبێکە لە حیزبەکان.

سەرەڕای ئەوە  وەرگریش ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

أ- وێنەیەکی هزری لەسەر ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەیە کە تیایدا دەژیت، چونکە ئەو باش لە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیستمی فەرمانڕەوایی سیاسی باوی وڵات و رادەی ئەو ئازادییەی کە لە وڵاتەکەیدا فەراهەم کراوە، دەزانێ.

ب- بونیادی کەسێتی وەرگر:

کەسێتی وەرگر تێکەڵەیەکە لە ئاراستە و ئارەزووی دەروونی و دابونەریت و باوەڕ، ئەوەش وا دەکات کە لە هەڵبژاردنی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری و پەیامەکەی کاریگەرێتی لەسەری هەبێ، بۆ نموونە کەسێکی لادێی حەز لە تەماشاکردنی زنجیرە تەمسیلییەك دەکات کە رووداوەکەی دەربارەی لادێکان بێت. لە کاتێکدا کە خەڵکی شار حەز لە گوێگرتنی گۆرانی نوێ و هاوچەرخ دەکەن.

ج- وەرگر ئەندامێکە لە جەماوەری بە ئامانجکراو (المستهدف):

ئەو بە یەکێك لە ئەندامانی ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی کە ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری چاپکراو، بیستراو و بینراو بەکاردەهێنێت.

د- ئەندامێکی کۆمەڵگایە:

واتە وەرگر بە یەکێك لە ئەندامی کۆمەڵگاکەی دادەنرێت و پارێزەری دابونەریتە باوەکانە و ئەو ئامرازانەی راگەیاندن بەکاردەهێنێت کە لەگەڵ کۆمەڵگاکەی دەنگونجێت.

هـ- سەرەڕای ئەوەی کە وەرگر وێنەیەکی هزری لەسەر نێرەر لا بەرجەستە بووە، ئەو پەیتا پەیتا ئاراستە و بۆچوون و ئاستی پابەندبوون و رەوشتی ئەو



رۆژنامەنووسانەش دەزانێ کە لەم رۆژنامە، یان ئەویان کاردەکات. هەروەها ئاراستە و بۆچوونی ئەو ئیزگە و کەناڵە تەلەفزیۆنییانەش دەزانێ.

٥- دەنگدانەوە Feed Back:

دەنگدانەوە لە وەرگرەوە بۆ نێرەر دەگوازرێتەوە وەکو وەڵام و پەرچەکردارێکی ئەو پەیامەی کە نێرەر بۆی ناردبوو.

# المصادر والمراجع

١. د.إبراهيم أبو عرقوب، الاتصال الإنساني ودوره في التفاعل الاجتماعي، المركز العربي للبحوث التربوية لدول الخليج، ٢٠٠١.

٢. أشرف صالح، تصميم المطبوعات الإعلامية، ألطباعي العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٨٦.

٣. د.جيهان رشتي، الأسس العلمية لنظريات الإعلام، ط٢، بدون دار نشر، القاهرة، ١٩٧٨.

٤. د.صالح خليل أبو إصبع، المدخل إلى الاتصال الجماهيري، دار آرام للدراسات والنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨.

٥. د.عصام سليمان موسى، المدخل في الاتصال الجماهيري، بدون دار نشر، اربد (الأردن)، ٢٠٠٣.

٦. د.فضيل دليو، الاتصال..مفاهيمه..نظرياته..وسائله، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣.

٧. عبد الحافظ سلامة، الوسائل التعليمية والمنهج، ط١، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الأردن، ٢٠٠٠.



٨. د.محمود حسن إسماعيل، مبادئ علم الاتصال ونظريات التأثير، الدار العالمية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣.

٩. د.محمد عبد الرحمن الحصيف، كيف تؤثر وسائل الاتصال الجماهيري؟: دراسة في النظرية والأساليب، مكتبة العبيكان، الرياض، ١٩٩٨.

١٠. د.محمد عبد الحميد، الاتصال في مجالات الإبداع الفني الجماهيري، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٣.

١١. ماجي الحلواني، مدخل إلى الفن الإذاعي والتلفزيوني والفضائي، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٢.

١٢. ملفين ل.ديفلير وساندرا بول. روكيتش، نظريات وسائل الاتصال، ط ٣، ترجمة: كمال عبد الرؤوف، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٩.

١٣. د.هادي نعمان الهيتي، علم الاتصال، محاضرات ألقيت على طلبة الدراسات العليا (الدكتوراه)، كلية الإعلام، جامعة بغداد، ٢٠٠٥-٢٠٠٦.

١٤. د. هادي نعمان الهيتي، الاتصال الجماهيري للمنظور الجديد، سلسلة كتب الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.، نسخة مطبوعة بالرونيو.

١٥. د.مظفر مندوب، المحطات الفضائية، محاضرات ألقيت على طلبة الدراسات العليا/الدكتوراه في كلية الإعلام/جامعة بغداد، ٢٠٠٥-٢٠٠٦.

Christine Garlough, Communication and Human Behavior:

16- www.google. com

## نووسەر لە چەند دێڕێكدا



- لەدایكبووی ساڵی (١٩٧٥)ە.
- خوێندنی سەرەتایی ساڵی ١٩٨٧ تەواو كردووە.
- خوێندنی ناوەندی ساڵی ١٩٩٢ تەواو كردووە.
- خوێندنی ئامادەیی ساڵی ١٩٩٥ لە كەركوك تەواو كردووە.
- بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە ڕۆژنامەگەری لە ساڵی ١٩٩٩ لە كۆلیژی راگەیاندنی زانكۆی بەغدا وەدەستهێناوە.
- بڕوانامەی ماجستێری لە راگەیاندن لە ساڵی ٢٠٠٥ لە كۆلیژی راگەیاندن لە زانكۆی بەغدا وەدەستهێنا لە سەر ماستەرنامەكەی كە بەناونیشانی خیتابی سیاسی لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكاندا بوو.
- ئێستا قوتابی خوێندنی باڵا (دكتۆرا)یە لە كۆلیژی راگەیاندنی زانكۆی بەغدا.
- لە هەردوو بواری (ڕۆژنامەگەری) و (ئێزگە و تەلەفزیۆن)دا كاردەكات، هەر لەساڵی (١٩٩٦)ەوە وەكو پەیامنێری ڕۆژنامەگەری و ڕاسپێردراوی ڕۆژنامەگەری و نوسەری لێكۆڵینەوە و راپرسیی ڕۆژنامەگەری. دەیان چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەگەری ئەنجامداوە و وتار و ستوون نووسی ڕۆژنامەگەرییە، ئامادەكاری بەرنامە و نووسیار(محرر)ی هەواڵیشە.



- وەكو بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (كەركوكی سبەی) كە ڕۆژنامەیەكی سەربەخۆبوو لە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٤ تا ساڵی ٢٠٠٥ كاری كردووە.
- نووسەری ستوونی ڕۆژنامەگەرییە لە گۆڤاری (نەوشەفەق) كە لەلایەن دەزگای شەفەقی ڕۆشنبیرییەوە دەردەچێ لە كەركوك.
- زۆربەی نووسین و وتارەكانی لە ماڵپەڕی نووسەری عێراقی www.iraqiwitter.com بڵاودەكاتەوە.
- سەرۆكی بەشی راگەیاندنە لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی كەركوك بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦.
- ئێستا: سەرپەرشتیاری لقی كەركوكی كۆلیژی راگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییە لە زانكۆی (الحرە ) لە هۆڵەندا.

### لە بواری لێكۆڵینەوەدا

١- چەمك و سیمای خیتاب: لێكۆڵینەوەیەكە لە گۆڤاری جیهانی سبەی (چاپی عەرەبی) ژمارە ٤، كە لە (المرصد الاعلامی) لە فییەننا دەردەچێ، بڵاوكراوەتەوە.

٢- كورتەیەك لە سەر ئامرازەكانی راگەیاندنی جەماوەری لە كوردستانی عێراق: لێكۆڵینەوەیەكە لە گۆڤاری جیهانی سبەی (چاپی عەرەبی) ژمارە ٦. كە لە(المرصد الاعلامی) لە فییەننا دەردەچێ، بڵاوكراوەتەوە

٣- تەغتییەی هەڵبژاردنەكانی عێراقی لە لایەن كەناڵی (العربیە)ی ئاسمانییەوە: لێكۆڵینەوەیەكە ئامادەیە بۆ بڵاوكردنەوە.

٤- تەنگژەی سوریا و لوبنان لەسەر ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییەكان – ماڵپەڕی ئیلاف بە نموونە: لێكۆڵینەوەیەكە ئامادەیە بۆ بڵاوكردنەوە.

**له بواری کیتابدا**

١- خوێندنەوەیەك لە لاپەڕە بەتاڵەکان- کۆمەڵە چیرۆك/ ٢٠٠٢.

٢- کۆنراد... لەوێ بوو/ کۆمەڵە چیرۆك/ ٢٠٠٦.

لە بواری بەشداریکردندا:

١- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

## کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای موکریانی لە ساڵی ۲۰۰٦

١- دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ن: مەنوچێهر موحسنی، و: کۆمەڵێك وەرگێڕ
٢- مێژوویێتی هزری عەرەبیی ئیسلامی، ن: محەمەد ئارکۆن، و: نەریمان تالیب
٣- گوڵبژێرێك لە چیڕۆکەکانی سادقی هیدایەت، سادقی هیدایەت، و: عەلی نانەوازادە
٤- چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، و: ئازاد بەرزنجی
٥- خواوەند و پاڵەوانەکانی گریکلاند، ن: ئێریك ئێریکسۆن، و: تەها ئەمین هەڵەدنی
٦- حەکیمانە، ن: پاولۆ کۆیلیۆ، و: یوسف محەمەد/کارا فاتیح
٧- یەکەمین سەرچاوەکانی هونەری مۆدێرن، ن: ه. و. جەنسن، و: سەیوان سەعیدیان
٨- چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، و: قادر وریا
٩- دیجلەی هزرم، ن: د. مارف خەزنەدار
١٠- ئایین و دەوڵەت و پیادەکردنی شەریعەت، ن: د. محەمەد عابد جابری، و: فوئاد سدیق
١١- فەلسەفەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئوگوستین، ن: د. عەلی زەیعور، و: سنوور عەبدوڵڵا
١٢- گۆڕستانی غەریبان، ن: ئیبراهیمی یونسی، و: غەریب پشدەری



١٣- فیهی ما فیهی، ن: مەولانا، و: عەلی نانەوازادە
١٤- گوڵستان، ن: سەعدی، و: عەلی نانەوازادە
١٥- ئایدیای قانوون، ن: دنیس لوید، و: ئاسۆ کەریم و...
١٦- مرۆڤ و ئایینەکان، ن: میشێل مالریێب، و: هیوا مەلا عەلی سوورەدێیی
١٧- پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ، ن: ئا. مکارنکۆ، و: مستەفا غەفور
١٨- القبائل الكوردية، ن: ويليام ايغلتون، و: د. احمد محمود خليل
١٩- گەڕیان ل دیف بەتەوەریێ، ن: لورد ئاوویبۆری، و: جگەرسۆز پێندرۆیی
٢٠- تەنگژەکانی تیرۆریزم، ن: کۆمەڵێك نووسەر، و: هێمن غەنی و مەڕوان کاکل
٢١- دوا وەسوەسەی کریست، ن: کازانتزاکی، و: کەریم دەشتی
٢٢- گوتاری تیرۆریزم، ن: کۆمەڵێك نووسەر، و: کۆمەڵێك وەرگێڕ
٢٣- ژان، ن: مارگارێت دوراس، و: ڕەسوڵ سوڵتانی
٢٤- تیرۆریزم وەك تاوانێکی ڕێکخراو، ن: گاری پوتەر/ مایکڵ لیمەن، و: ئەبوبەکر مەجیدی
٢٥- چەند لایەنێکی واتاسازی، ن: کوروش سەفەوی، و: دلێر سادق کانەبی
٢٦- هەموو هەقیانە، ن: مەنۆچەهری کەریم، و: زادە غەریب پشدەری
٢٧- کاتێ نیچە گریا، ن: ئێرڤین دی یالوم، و: دڵشاد هیوا
٢٨- ژانی ژینگە، ن: سەدرەدین نورەدین
٢٩- عاشقانە، ن: پاولۆ کۆیلیۆ، و: کارا فاتیح / یوسف محمد
٣٠- کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی (بەرگی یەکەم)، ن: کارل پوپەر، و: ئیدریس شێخ شەرەفی
٣١- کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی (بەرگی دووەم)، ن: کارل پوپەر، و: ئیدریس شێخ شەرەفی
٣٢- میسیۆ برایم و گوڵەکانی ناو قورعانەکەی، ن: ئێریك ئیمانوئیل شمیت، و: سەلاح گادانی

٣٣- خطوة علي الطريق الي البيت الكوردي الكبير، د. حسين بديوى
٣٤- آلية العلاقة بين المعارضة والسلطة في الاسلام، د. كاوه محمود شاكر
٣٥- جماليات الطبيعة في كردستان العراق، د. محمد عارف
٣٦- کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، هەژار عزیز سورمێ
٣٧- پرۆدۆن، جۆرج گۆرڤیچ، ئارام ئەمین
٣٨- مینۆرسکی و کورد، ئەنوەری سوڵتانی
٣٩- کورد و سەلجوقییەکان، د. نیشتمان بەشیر، و: ئیدریس عەبدوڵلا
٤٠- دە ڕۆمانی گەورەی جیهان
٤١- لەدەوڵەتی دەسەلاتەوە تا دەوڵەتی عەقڵ، و: سیروان زەندی
٤٢- ئیبن خەلدون وکۆمەڵناسی مۆدێرن، و: زیرەك رەحمان و...
٤٣- ئەوئایدیایانەی دەستیان بەسەرجیهاندا گرت، و: گۆران سەباح
٤٤- کورد لەئەرشیفی روسیاو سۆڤیەتدا، و: د. ئەفراسیاو هەورامی
٤٥- قوتابخانە ئەدبیەکان، و: حەمەکەریم عارف
٤٦- عاریفانە، ن: پاولۆ کۆیلۆ، و: کارا فاتح و ...
٤٧- زمان، هزرو کولتور، ن: چەند نووسەرێك، و: رەحیم سورخی
٤٩- توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی راجێر وێبستەر عەبدولخاق یەعقوبی
٥٠- ماکیاڤیللی و بیری ڕێنسانس، ن: رامین جەهانبەگلو، و: موسلح ئیروانی
٥١- راپەڕینی کوردان پ.م.ا.حەسرەتیان جەلال دەباغ
٥٢- جێگای بەتاڵی سلووچ مەحمود دەوڵەت ئابادی
٥٣- سەرکەوتنی بێ سنوور بە ٢٠ رۆژ، ن: ئانتونی رابینز، و: هاموون
٥٤- واتاسازی، ن: کلۆد جێرمان و ... د. یوسف شەریف سەعید
٥٥- هەواڵنووسی مۆدێرن